گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.29 Issue Con.1 2025
ID No. 2934 (PP 259-280)
https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con.1.18

توێژینەوە

# ڕەخنەی وەرگێڕان و کێشەی زاراوە:
# بە نموونەی فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

**کارزان کەریم ئەمین/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێرهەریمی کوردستان،عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە،توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، کە لە ڕێگەی شیکاری ڕەخنەییەوە، بەراوردی لە نێوان چەمك و فۆرم و پێناسەی زاراوە ڕەخنەییەکان لە سەرچاوە بنەڕەتیەکانیان لەگەڵ چۆنیەتی سازکردن و داڕشتن و وەرگێڕان و ناساندنیان لە نێو فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەکات. ئەمەش بە ئامانجی دۆزینەوەی جۆر و ژێدەری ئەم کێشانەی کە لە فەرهەنگسازی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هەن. فەرهەنگەکانیش: "فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی" و " فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی" لە ئامادەکردنی بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، "زاراوەی ئەدەبی" لە ئامادەکردنی لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان"، " فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی" ی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، "فەرهەنگی ئەدەبی" ی موحسین ئەحمەد عومەر، "فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی" ی بەختیار سەجادی، " کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە" ی عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی و عەلی تاهیر بەرزنجی. ئەمە هەوڵێکی بنکۆڵکارییە بە سوود وەرگرتن لە ڕەخنەی وەرگێڕان و زاراوەناسی، ئامانجی ساغکردنەوە و دەستنیشانکردنی جۆری کێشە و هۆکار و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو ناتەبایی و ناڕوونەییەی کە لە پرۆسەی چۆنیەتی وەرگێڕان و داڕشتن و سازکردن و پرسی بابەتیبوون لە داڕشتنی مانا و چەمکی هەندێك لەو زاراوە ڕەخنەییانەی کە لە نێو فەرهەنگەکاندا هەن. گرنگترین ئەو کێشانەش پۆلینکراون، نموونەکان بە گوێرەی جۆر کێشەکان بژار کراوون، کە پەیوەندییان بە فۆرم و مانای زاراوەکانەوە هەیە، کە سێ کێشەی سەرەکیی سازکردن و چەمك و ناساندنن.

CORRESPONDENCE
کارزان کەریم ئەمین
karzan.ameen@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/10/17
بڵاوکردنەوە 2025/02/15

**وشە سەرەکییەکان:**
فەرهەنگی ئەدەبی،
زاراوەناسی،
وەرگێڕان،
زاراوەنما،
سازکردن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.

## پێشەکی :

فەرهەنگە ئەدەبییەکان سەرچاوەیەکی مەعریفی و دەروازەیەکی بنچینەیین بۆ تێگەیشتن  لە چەمکە ئاڵۆزەکان و کارکردن لە ناو  لقە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبناسیدا، بەڵام لە هەندێك باردا، لە میانەی سازکردن و وەرگێڕان و گوزارشتکردن لە مانا و چەمك و  ناساندنی زاراوە ڕەخنەییەکاندا، لەو ئەرکانەی خۆیان لادەدەن، جۆرێك لە دابڕان لە  پرۆسەی تێگەیشتن و پەیوەندی نێوان خودی زاراوەکان و تێگەیشتنی خوێنەر دروست دەکەن، بەمەش فەرهەنگە ئەدەبییەکان دووچاری کۆمەڵێك ئالنگاری دەبنەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم تویژینەوەیە وەك یەکەمین هەوڵ لە بواری ڕەخنەی ئەکادیمی کورردیدا، لەبارەی ڕەخنەی وەرگێڕان لە پەیوەندی بە زاراوەناسی ئەنجامدراوە، کە ئەمە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە وێڕای ئەوەی وەرگێڕان پرۆسەیەکی گرنگ و پێویستە بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، لە هەمان کاتدا، وەرگێڕان لە پەیوەندی بە کێشەکانی زاراوە لە فەرهەنگانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی شیاوی توێژینەوەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زاراوە و فەرهەنگەکان کلیل و ڕابەر و ڕێنوێنیکاری توێژەر و ڕەخنەگرانن، هەر کێشەیەکی زەق لە ناو فەرهەنگ و زاراوەنما ڕەخنەییەکاندا هەبێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ستراتیژی توێژینەوە ڕەخنەییەکان و گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دروستدەکات.

ئامانجی و پرسە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە، گەڕانە بە دوای ماهیەتی کێشەکانی زاراوە ڕەخنەییەکان لە پەیوەندی بە وەرگێڕانەوە، بەمەش لەسەر بنەمای  بەراوردکاری، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەکات، پشکنین بۆ کێشەکان دەکات، پۆلینیان دەکات، جۆر و دەرکەوتەی کێشەکان دەدۆزێتەوە. پێشنیاز و چارەسەری پێویست دەخاتەڕوو.

لە ڕووی میتۆدلۆژییەوە، لەم توێژینەوەیەدا، لە چوارچێوەی بنەما و ڕێبەندی میتۆدی ڕەخنەی وەرگێڕان کارکراوە، بە سوود وەرگرتن کەرەسە و ئامراز و زاراوەکانی وەرگێڕانناسی و زاراوەناسی، لەم ڕووەوە جۆری کێشەکانی ناو فەرهەنگەکان، لەسەر بنەمای جەمسەرە سەرەکییەکانی زاروەناسی پۆلین کراوون. هەروەها لەسەر بنەمای ڕێبەندە بنەڕەتییەکانی شیکارکردن، بەراوردکردن، هەڵسەنگاندنی جۆری کێشەکان و دەرکەوتەکانییان کاریان لەسەر کراوە. نموونەی زاراوەکانیش بە شێوەیەکی بژارکاری وەرگیراوە، تەواوی زاراوە کێشەدارەکان لە تەواوی فەرهەنگەکان وەرنەگیراون، بەڵکو بە گوێرەی جۆر کێشە و دەرکەوتەکانیان نموونەکان وەرگیراون.

## 2.ڕەخنەی وەرگێڕان و زاراروەناسی

### 1-1. ڕەخنەی وەرگێڕان

وەرگێڕان پرۆسەیەکی کولتووری-زمانەوانیی فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە، ڕایەڵەی نێوان دەقە نووسراو و گوتراوەکانە، دەقەکانیش تەنیا نین، هەروەکو جاك دریدا(1976)، لە کتێبی (لە ڕێزماناسییدا) دەنووسێت: "هیچ دەقێك لەدەرەوەی کۆنتێکستدا نییە" (158)، کە یەکێك لە ماناکانی ئەوەیە، کە هەموو دەقێك وابەستە و ڕایەڵەی  خوێندنەوەی دەقەکانی پێش خۆیەتی، خۆشی دەبێتە زایەڵ بۆ دەقەکانی دوای خۆی. لەم سۆنگەیەوە، وەرگێڕانیش وەك پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی دەقی گوتراو و نووسراو، جۆرێکە لە ڕایەڵەسازی و نێوەندگیری نێوان دوو زمان و کولتووری جیاواز، هەم شرۆڤە و لێکدانەوەیە بە ئامانجی هاوتابوون بە دەقی بنەڕەتی (Reynolds, 2012: 58)، هەم مایەی  بەرهەمهێنانی دەقێکی تازەیە، کە  بەشێوەیەك لە شێوەکان  لەگەڵ دەقی بنەڕەتی هاوتایە و یان هەوڵی هاوواتابوون دەدات. واتە وەرگێڕان بەرهەمهێنانی دەقێکی ڕەسەن و بنەڕەتی تازەیە، نەك ڕێك وەك دەقە بنەڕەتییەکە بێت.

هەر لەم دیدگایەوە، چەمکی وەرگێڕان بەوە دەناسرێتەوە، کە "جێگۆڕکێی کەرەسە زمانەوانییەکانی دەقی زمانێکە، بە کەرەسە هاوتاکانی لە زمانێکی دیکەدا" (Catford,1965:20) ، یاخود "وەرگێڕان چالاکیەکە بە ئامانجی گەیاندنی مانایەك یان ماناکانی گوتارێکی زمانیی دیاریکراو، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، کورتییەکەی وەرگێڕان پرۆسەی هاوتاکردنە لە نێوان زمانەکاندا"(Malmkjær, 2012:108). ئەم هاوتاکردنەش کردەیەکی بەرامبەرکردنی ڕووت و ڕووکەش نییە، بەڵکو گەڕانە بەدوای شێواز و مانای هاوشێوە لە زمانی بۆوەرگێڕدراو (دووەم)، کەواتە سروشتیبوونی هاوتاکردن لە پرۆسەی وەرگێڕاندا لەسەر دوو بنەما دەچەسپێت: "یەکەم لەڕووی ماناوە، دووەم لە ڕووی شێوازەوە"(Nida & Taber, 1969:12). ئەم هاوتاکردن و پاراستنی مانا و شێوازەش لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی-کولتووریدا پیادە دەکرێت.

,وەرگێران لە زۆر ئاست و بوار و بۆ زۆر جۆر پۆلین دەکرێت، بەڵام هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی بوارێکدا خۆیان دەدۆزنەوە کە پێیی دەگوترێت "وەرگێڕاناسی"، یاخود "توێژینەوەکانی وەرگێڕان - Translation Studies"، ئەمەش بوارێکی تایبەتە کە لێکۆڵینەوە لەبارەی وەرگێڕان لە بوار و زانستە جۆربەجۆرەکان دەکات، لە ناو بوارەکانیشدا، جۆرێکی وەرگێڕان هەیە، کە بە وەرگێڕانی ئەدەبی دەناسرێتەوە، لە بواری ئەدەبناسی بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبیش بەتایبەتیدا، جۆرێك لە ڕەخنە هەیە کە کار لەسەر وەرگێڕانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان دەکات، پێی دەگوترێت "ڕەخنەی وەرگێڕان-Translation Criticism"، ئەم جۆرە ڕەخنەییە یەك چەمك و ناساندنی نییە، بەڵکو لە دید و ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی بۆ کراوە.

وەرگێڕ و ڕەخنەگر و زمانناسی ئەڵمانی کاترینا ڕییس (1923- 2028)، ئەم جۆرە ڕەخنەییە بەوە پێناسە دەکات، کە هەڵسەگاندنێکی بابەتییانە و ساغکەرەوانەی کاری وەرگێڕانە، بە بەراوردکردنی دەقی زمانی بنەڕەتی (زمانی لێ-وەرگێڕدراو) لەگەڵ دەقی زمانی بەئامانجگیراو (زمانی بۆ-وەرگێڕدراو)، بە ئامانجی باشترکردنی ڕەوش و ڕەوتی وەرگێڕان (Reiss, 2000, 2-6). لە جەمسەرێکی دیکەوە، ڕەخنەگر و فەیلەسوفی فەڕەنسی ئەنتۆن بێرمان (1942-1991) ئەم ڕەخنەیە، بە "ڕەخنەی بەرهەمدار" ناو دەبات، بەوە دەیناسێنێت کە ڕەخنەیەکی شیکارییانە و هەڵسەنگێنەرانەی سیستماتیکییە، کە بە لەبەرچاوگرتنی خوێندنەوەیەکی ورد و قووڵ ئاسۆییانە بۆ دەقی بنەڕەتی و دەقی وەرگێڕدراو و ئەو چوارچێوەی کە وەرگێڕانەکەی تێدا بەرهەمهاتووە، پرۆسەی ڕەخنەیی ئەنجام دەدات (Berman, 2009). ئەو، ڕەخنەی وەرگێڕان بە مێتا-ڕەخنە دەچوێنێت، بەو مانایەی کە لەلایەك لە دەقی بنەڕەتی دەکوڵێتەوە، لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ دەقی وەرگێڕدر و وەرگێڕانەکانی دیکە بەراوردی دەکات(Kraskowska, 2022: 118) .

لەم ڕوانگەیەوە، کورتی و پوختییەکەی ڕەخنەی وەرگێڕان جۆرێکی ڕەخەییە، کە لەسەر بنەمای بەراوردکاری هەوڵدەدات شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ دەقی لێ-وەرگێڕدراو لە زمانی بنەڕەتی لەگەڵ دەقی بۆ-وەرگێڕدراو لە زمانی دووەم بکات. ئەم جۆرە ڕەخنەییە ناسنامەیەکی دوو ڕەگی هەیە، لە کاتێکدا، جۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبییە، لە هەمان کاتدا، لقێکی بواری توێژینەوەی وەرگێڕانە. هەروەها کار لەسەر دوو جۆر دەق دەکات: دەقی ئەدەبی وەرگێڕدراو و دەقی ڕەخنەیی وەرگێڕدراو. کە ئەم توێژینەوەیەش کاری لەسەر جۆری دووەمیان دەکات.

ئەرکی سەرەکی ڕەخنەی وەرگێڕان خۆی لە پرۆسەی بەراوردکردن (Comparison)دا دەبینێتەوە، ئەمیش ڕاستەوخۆ بە ڕادە و چۆنیەتی و چەندێتی پرۆسەی هاوتاکردن (Equivalence)وە وابەستەیە، هاوتاکردنیش زاراوەیەکی بنچینەیی توێژینەوە و ڕەخنەی وەرگێڕانە، کە خۆی لە هاوتەریبکردنێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی دەقی زمانی دووەم بە دەقی زمانە بنەڕەتییەکەدا دەبینێتەوە، یاخود هاوتاکردن لە ڕێگەی شیکاری پێکهاتەیی ڕەگەز و پێکهاتە سەرەکییەکانی دەقێکە لەگەڵ ئەو وەرگێڕانەی کە بۆی کراوە (Lefevere, 1992:7-8). هاوتاکردن، هاوسەنگکردنی دەقاودەقی وەرگێڕدراو بە کەرەسەی سەرەکییەکانی زمانە بنەڕەتییەکە نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ هاوتاکردنی بەهای دەقەکان، بژارکردن و دۆزینەوەی هاوتایەکی گونجاوە لە ناو وشە و دەستەواژە و دەربڕین و ڕستەکانی زمانی دووەم، بە مەرجێك ڕەچاوی هەلومەرج و تایبەتمەندی زمانەوانی و دۆخ و ڕەوشی کۆنتێکستەکان بکرێت ( Reiss, 2000, 3)، کە ئەمەش وەرگێڕانی بابەتی بەرهەمدەهێنێت، کە واتە ئەرکی سەرەکی بەراوردکردن لە ناو پرۆسەی وەرگێڕان، هەوڵێکە بۆ بە بابەتیکردنی پرۆسەی وەرگێڕان، پتر سەرنج دەخاتە سەر گونجاوی وەرگێڕانەکە، نەك لاسایکردنەوە و لەبەرگرتنەوەی کتومتی تایبەتمەندی و سیما و خەسڵەتەکانی دەقی زمانە بنەڕەتییەکە.

وێڕای ئەمانە، ئەرك و ڕۆڵێکی دیکەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە ئەوەیە، کە ڕەخنەیەکی بەهاخوازی (ئەکسیۆلۆژی)یە، بەو مانایەی کە بەدوای سروشت و جۆر و پێوەری ڕاستەقینە بۆ بەهای وەرگێڕانەکان دەگەڕێت. لەم ڕووەوشەوە، کۆمەڵێك ئەرك لە خۆ دەگرێت، لەوانە: ڕەچاوکردن و بەدواداچوون بۆ ژێدەری کارە وەرگێڕدراوەکە. بەهەند وەرگرتن و چەسپاندنی ئەو بۆچوونەی کە کاری وەرگێڕان بە تایبەتی وەرگێڕانی ئەدەبی و هونەری سروشتێکی کێشەداری هەیە، گریمانەیەکی شێواز و مانای دەقی بنەڕەتییە، چونکە دەقێکی بنچینەیی نییە، هەڵهێنجراوە و وابەستەی دەقی بنەڕەتییە. لە پاڵ ئەمانەشدا، ڕەخنەگر پێویستە جۆرێك لە تێگەیشتن و هاوسەنگی لە نێوان ویستی دەقنووسی سەرەکی و وەرگێڕ بسازێنێت، چونکە خودی پرۆسەی وەرگێڕان چەشنێکە لە سازش و دانوستاندن لە نێوان هەردوو دەقنووسەکە. لەگەڵ ئەمانەش، ڕەخنەگر لە بری بڕیاردانی خێرا بە باشی و خراپی وەرگێڕان،

پێویستە ڕەچاوی کولتوور و کۆنتێکستی دەقی بنەڕەتی و وەرگێڕدراویش بکات، چونکە هەموو وەرگێڕانەکان لە ڕووی باشی یان خراپییەوە ڕێژەیین(Kraskowska, 2022:116).

مێژووی ڕاستەقینەی ڕەخنەی وەرگێران بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕەگوڕیشە بنەڕەتییەکەی بیرۆکەی سەرهەڵدانی توێژینەوە لە بارەی وەرگێڕانەوە، بۆ هەندێك کاری سەرەتایی دەگەڕێتەوە، کە مێژوویيەکی کۆنیان هەیە، هەر بۆ نموونە لەسەردەمی ڕۆمانەکان، بۆچوونەکانی مارکۆس تولیۆس سیسێرۆ (١٠٦-٤٣ پێش زایین) لە بارەی زەحمەتی وەرگێرانی دەقە یۆنانیەکان بەدیدەکرێت(Powell, 2007: 1112- 1133). هەروەها هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، هەندێك کاری دیکە لەبارەی وەرگێرانی ئەدەبییەوە بەرچاو دەکەوێت، لەوانە: کۆ وتارەکانی ماتیۆ ئارنۆڵد(1882-1888)، کە لە ساڵی 1861 دا بە ناونیشانی " لە بارەی وەرگێرانی هۆمیرۆسەوە" نووسیویەتی(Arnold, 1861:97-99). هاوشان لەگەڵیدا، ڕۆڵی فرێدریك شلایرماخەر(1868 – 1834)، بە تایبەتی کارە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی " لە بارەی میتۆدە جیاوازەکانی وەرگێرانەوە"، کەلە ساڵی 1813دا نووسیویەتی، ئەمانە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە بناغەیەك بۆ تیۆری وەرگێران دادەنران. لە پاڵ ئەمانەشدا، هاوشان لەگەڵ ئەم قۆناغە، لە دەسپێکی سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵی واڵتەر بنیامین (1892 - 1940) لە کارە ناودارەکەی بەناوی "ئەرکەکانی وەرگێڕ" کە لەساڵی 1923 دا بڵاوکرایەوە(Baker & Saldanha, 2020: 56)، هەروەها ئەزرا پاوەند(1885 – 1972) لە کتێبەکەی لە ژێر ناونیشانی" ئەلفبێی خوێندنەوە" کە لەساڵی 1934دا بڵاوکرایەوە (Pound, 1934: 54-56)، لەو قۆناغەدا، ئەمانە و کۆمەڵێك کاری دیکە بۆ وەرگێرانی ئەدەبی، ژێدەر و بنچینەیەکی میتۆدلۆژی و تیۆری بوون و بۆ قۆناغەکانی داهاتووش وەك ژێدەر لە دارشتنی تێز و تیۆری نوێ سوودیان لێ دەبینرا.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی زمانناسی نوێ، ڕەخنەی نوێ سەری هەڵدا، کەزیاتر پشتیان بە تیۆرە زمانەوانییەکان لە کارە ڕەخنەییەکاندا دەبەست. هەر ئەم گرنگیدانە بە زمان وایکرد، کە توێژینەوەی وەرگێران زیاتر گەشە بکات، بەو پێیەی وەرگێرانیش کەرەسە و دەقێکی زمانەوانییە. هەر لەو قۆناغەدا، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، توێژینەوەکانی وەرگێران وەك بوارێکی توێژینەوە ناسێندرا، کە گرنگترین ڕابەرانی وەك ڕۆمان یاکۆبسن(1896 – 1982)، جەیمس هۆڵمز(1925 - 1986)، گیدۆن تۆری(1942 - 2016)، ئیتامار ئیڤن-زۆهار(1929- - )، یوجین نیدا (1914 – 2011) و چەندانی دیکە ڕۆڵی گرنگیان لە چەسپاندن و ناساندنی ئەو بوارە بینیوە، کە وەك بوارێکی فرە ڕەهەند لە ناو زانستەکاندا، بە تایبەتی لە زمانناسی و توێژینەوەی کولتووری و ئەدەبناسیدا خۆی دەرخست (Venuti, 2000). ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بە تاییەتی حەفتاکان، سەردەمی ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی ڕەخنەی وەرگێران وەك جۆر و زاراوەیەکی ڕەخنەیی بوو. کاترینا ڕییس لە یەکەمین ئەو ڕەخنەگرانە بوو، کە زاراوەی ڕەخنەی وەرگێرانی لە ناونیشانی کتێبەکەی :"ڕەخنەی وەرگێران: تواناداکردن و سنووردارکردنەکان" لە ساڵی 1971دا بەکارهێنا ( ? :Reiss, 2000). هەروەها ئەنتۆنی بێرمان لە کتێبی "بەرەو ڕەخنەی وەرگێڕان: جۆن دۆن"، کە لەساڵی 1995دا بڵاوکرایەوە، بانگەشەی بۆ میتۆدێکی شیکاریی ڕەخنەیی -کۆمەڵایەتی وەسفیانە بۆ وەرگێرانی ئەدەبی دەکرد و ڕەخنەی وەرگێرانی وەك مۆدێلێکی ڕەخنەیی زیاتر چەسپاند.( Apak, 2016: 522). جگە لەمانە، ئیدوارد بالسێرزان، نووسەر و ڕەخنەگری پۆڵەندی لە نووسینەکەی بەناونیشانی " نهێنی ناچۆنیەکی ڕەخنەی وەرگێران"، کە لەساڵی 1999دا بڵاوکرایەوە، جەختی لەسەر ناچۆنیەکی سروشتی وەرگێران دەکردەوە و پشتی بە میتۆدی هێرمۆنەتیکا لە پرۆسەی وەرگێراندا دەبەست( Kraskowska, 2022: 115, 119)، وێرای ئەمانە، کۆمەڵێك ڕەخنەگری دیکەی وەك جۆرج شتاینەر، لۆرێنس ڤینوتی، شێری سیمۆن و سوزان باسنێت، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنەی وەرگێڕانیان لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە شێوەگیر کرد. بەم شێوەیە ڕەخنەی وەرگێران تاکو ئەمڕۆش بەردەوامی بە ڕەوتی کارکردنی وەك جۆرێکی ڕەخنەیی و لقێکی توێژینەوەکانی وەگێران دەدا و پێگەی خۆی پتەوتر دەکات.

### 2-1.زاراوەناسی

وشەی زاراوە لە زمانی کوردیدا، لەبەرامبەر وشەی (مصطلح–Term) لە هەریەکە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا دێت. چەمك و پێناسەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە وشەیەکە، دەستەواژەیەکە، یاخود یەکەیەکی ئاستی لێکسیکییە، کە بۆ ناونان و ئاماژەکردن بە چەمکێکی دیاریکراو لە بوارێکی زانستی و مەعریفیدا سازدەکرێت و لەسەری رێکدەکەون و بەکاردێت(Vakulenko, 2014: 18). هەرچەندە ئەم پێناسەیە تایبەتمەندییەکی رەها بە هەموو وشەیەك دەدات بۆ ئەوەی ببێتە زاراوە، بەڵام " زاراوەکان وشەی تایبەت نین، بەڵکو وشەن لە ناو ئەرکێکی تایبەتدا" Vakulenko, 2014: 15). هەموو زاراوەیەکیش وەك هێمایەکی زمانەوانی لەسەر دوو بنەمای بنەڕەتی دروست دەبێت: یەکێکیان شێوە (Form)، یاخود ناونان (Denomination). ئەوی دیکەیان ماناکەی (Sense)، یان بیرۆکە (Notion)، یاخود چەمك (Concept)ەکەی، کە ئەمەش دیاریکردن (ستانداردکردن) لەگەڵ ناساندن (پێناسەکردن) یەکیاندەخات، واتە پوختەکەی زاراااوە ئەوەیە، کە ناونان و دەربڕینێکە بۆ چەمك و تێروانینێکی زیهنی و هزری لە بوارێکی مەعریفی و زانستیدا (وغليسي, 2008: 27- 28).

زاراوە کۆمەڵێك ئەرك و ڕۆڵ دەگێرێت، کەزیاتر خۆی لە پێنج ئەرکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە، ئەرکی زمانییە، کە لەم ڕووەوە کۆمەڵێك واتا و چەمکی تازە بە کۆمەڵێك وشە دەبەخشێت. هەروەها ئەرکی پەیوەندیکردن, کە لەم ئەرکەدا، دەبێتە کلیل و ئامرازی پەیوەندیکردنی زانست و بوارە جۆربەجۆرەکان، لە زمانە جیاوازەکاندا. وێڕای ئەمانەش، ئەرکی مەعریفی دەگێرێت، کە دەبێتە زمانی گوزارشتکردن لە بوارە مەعرفییەکان. لە جەسەرێکی دیکەوە، ئەرکی ئابووریش دەبینێت، ئەمەش لەرێگەی دەستگرتن بە وشە و بەخشین و کەڵەکەکردنی مەعریفەیەکی زۆرەوە دەبێت، کە زاراوە ڕێگری لە بەکارهێنان و بەکاربردنی وشە و دەستەواژەی زۆر دەکات، ئەرکی کۆتایی زاراوەش، ئەرکی ژیارییە، کە دەبێت پردێك بۆ بەیەکگەیشتنی ژیار و شارستانییە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ، لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی زاراوەوە. هەر بەم چەشنە، زاراوە جۆرێکە لە جیهانگیریی لە ڕێگەی زمان و چەمکەکانییەوە (وغليسي, 2008: 42 - 45).

گرنگی و ئاڵۆزی و فرە ڕەهەندی زاراوە وایکرد لە هەناوی زمانناسییەوە، لقێکی زانستی سەرهەڵبدات، ئەم زانستە لە زمانی کوردیدا، لە بەرامبەر زاراوەی (Terminology) کە لە زمانی ئینگلیزی، (علم المصطلح) لە زمانی عەرەبیدا، زیاتر زاراوەی زاراوەسازی بەکاردێت ( تاهیر، 2012: 101، عبدالله، 2007: 17)، بەڵام زاراوەسازی کە بە واتای سازکردنی زاراوە دێت، تەنیا بە شێکە لە ئەرك و ڕۆڵی زانستی زاراوە هەروەکو لە پێناسەکەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، بۆیە زاراوەی زاراوەناسی کە بەمانای زانستی لێکۆڵینەوە لە زاراوە دێت، لە مانا ڕاستەقینەکەی ئەم زاراوەیە نزیکترە و دروسترە. چەمك و پێناسەی زاراوەناسی چەشنی سروشتی خۆی ئاڵۆزە، لە لایەکدا بەشێکە لە زمانەوانی کارەکی، لە لایەکی دیکەدا بە کۆمەڵێك بوار و پسپۆڕی وابەستەیە، بەڵام دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت، کە " بوارێکی چالاکانەی توێژینەوەیە، کە بایەخ بە کۆکردنەوە، ناساندن و وەسفکردن، ڕێکخستن و سازکردن، خستنەڕوو و چەسپاندنی وشە لێکسیکییەکانی بوارێك یان پسپۆڕییەك دەدات، کە لە زمانێك یان زیاتردا بەکاردەهێنرێن"( Sager, 1991:2). کرۆك و چەقی ئەم پێناسەیە، ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئامانج و بابەتی ئەم توێژینەوەیە یەکانگیرە، بەو پێیەی کە زاراوەناسی چوار ڕەگەزی سەرەکی دەکاتە ئامانج و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەوانیش زاراوەسازکردن ( داڕشتن و سازکردن). چەمك (تێگەیشتن و مانا)، ناساندن (پێناسەکردن)، بەکارهێنان و چەسپاندنی زاراوەکان دەگرێتەوە، ئەم چوار ڕەگەزە، ڕەگەزە کێشەدارەکانی فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردین، کە ئەم توێژینەوەیە کاریان لەسەر دەکات.

ڕەگوریشە و مێژووی بیرۆکەی سەرهەڵدانی گرنگیدان بە زاراوەناسی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گەشەکردن و فراوانبوونی فەرهەنگنووسی و فەرهەنگسازییەوە هەیە، ڕەگوریشەی ئەم دووانەش بۆ سەدەی شازدەهەم دەگەڕێتەوە، بەڵام زاراوەناسی وەکو زانستێك و پسپۆڕییەکی سەربەخۆ لە سییەکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا، بە تایبەتی لەگەڵ هەوڵەکانی زاراوەناس یوجن وۆستەر(1898 - 1977)، کاتێك جەختی لەسەر وردی و ڕوونی لە بەکارهێنان و سازکردنی زاراوەکانی بواری پەیوەندییە تەکنیکییەکان و تەکنەلۆژییەکان دەکردەوە(Baker & Saldanha, 2020: 580-581)، ئەمە سەرەتا و دەسپێکێك بوو، کە دواتر زاراوەناسی وەك پسپۆڕییەك لە ناو زۆربەی زانستەکاندا ڕەگی داکوتا، هەر ئەمەش وایکرد، کەل لەساڵی 1936دا، دەستەیەکی

تەکنیکی بۆ ستانداردکردنی زاراوە و زاراوەناسی دروست بێت. دواتر لە ساڵی 1946 دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ستانداردکردن (ISO) دامەزرا، کە توانی کاری بەبڕشت لەسەر ستانداردکردنی زاراوەکان بکات (ISO, 2004: 1-2).

بە شێوەیەکی گشتی زاراوەناسی ئەرکی لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی سازکردن و چەمك و ناساندن و چەسپاندنی زاراوەکان لە ئەستۆ دەگرێت، ئەم پرۆسەیەش بەشێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، بە تایبەتیش لە زمانی کوردیدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆسەی وەرگێڕانەوە هەیە، چونکە زاراوەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە سنووری نێوان زمانەکان دەبڕن و زیاتر لەو ڕێگەیەوە شێوە و چەمك و پێناسەکانیان بەکاردێن و دەچەسپێن. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەو ڕەهەند و ئەرکە گرنگەی زاراوەناسی کە پەیوەندی بە وەرگێڕانەوە هەیە، وەکو مۆدێل و جۆرێکی زاراوەناسی دەناسرێتەوە، کە پێی دەگوترێت زاراوەناسی بە وەرگێڕان- ئاراستەکراو (Translation-Oriented Terminology -TOT).

زاراوەناسی بە وەرگێڕان- ئاراستەکراو، جۆرێکە لە زاراوەناسی، کە کار لەسەر چۆنیەتی سازکردن و مانا و ناساندن و چەسپاندنی زاراوە لە ڕێگەی وەرگێڕان لە ناو بوار و پسپۆرییە جیاوازەکاندا لە دوو ڕووەوە دەکات، یەکێکیان دانانی ڕێکار و تیۆر و میتۆدی گونجاو بۆ کێشە و چۆنیەتی وەرگێڕانی زاراوە بە گوێرەی بوار و زمان و کۆنتێکستی جیاواز (Thelen, 2002: 194) ئەوی دیکەیان، بەراوردکردنی شێوە و مانا و چۆنیەتی بەکارهێنانی زاراوەکان لە زمانی بنەڕەتی لەگەڵ زمانی دووەم (بۆ وەرگێڕدراو) یاخود لە نێوان کۆمەڵێك زمانی جیاوازدا، بە مەبەستی هاوتاکردنی زاراوەکان لە هەموو زمانەکاندا (Thelen, 2012: 132). بە گوێرەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ستانداردکردن (ISO)، ئەم جۆرە لە زاراوەناسی سێ ئەرکی سەرەکی هەیە:

- تۆمارکردن و ڕێکخستن و بە سیستەمیکردنی زاراوەناسی.
- جێگیرکردن و بەردەوامیدان بە بەکارهێنانی زاراوە لە هەموو سەردەمەکاندا.
- کاراترکردنی بەکارهێنانی زاراوەکان لە زمانە جیاوازەکاندا (2002: v).

زاراوەناسی لە پەیوەست بە وەرگێڕاندا، بابەتێکی فرە جەمسەری ئاڵۆزە، ئەم ئاڵۆزییە، کاریگەری لەسەر ستراتیژ و میتۆد و کارنامەی زاراوەناسی کردووە، کە بە گوێرەی کۆمەڵێك فاکتەری وەك سروشتی بوار و زمانی بنەڕەتی و چۆنیەتی وەرگێڕانی زاراوەکە دەگۆڕێت. لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا، زاراوەکان نوێنەرایەتی و نواندنەوەی ژێدەرە مەعریفییەکانی ڕەخنەی ئەدەبین، فۆرم و مانا بە چەمك و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی بوارەکە دەبەخشن، چۆنیەتی شیوەگیرکردن و مانابەخشین بەم زاراوانەش، پشت بە دەرکەوتەی زاراوەکان لە ژێدەر و کۆنتێکستە جیاوازەکاندا دەبەستن. هەر بۆیە پێویستە ڕەچاوی چۆنیەتی هاوتاکردنەوەی شێوە و مانای زاراوەکان لە ناو پرۆسەی وەرگێڕاندا هەیە، لەم پرۆسەیەشدا، پێویستە سازکردن و چەمك و نانساندنی زاراوەکان بە پشت بەستن بە هۆشیارییەکی ڕەخنەیی و زمانەوانی قووڵەوە ئەنجام بدرێت.

## 2.کێشەی وەرگێڕانی زاراوە لە فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

### 1-2. فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی (خستەڕوو، پێداچوونەوە)

بەر لە خستەڕووی فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، کە کەرەسەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەن، هەڵوەستەکردن لەسەر جیاکردنەوەی دوو زاراوەی گرنگ پێویستە، کە پەیوەندییان بە کێشەی زاراوە و سروشتی فەرهەنگانی ڕەخنەی ئەجەبی کوردییەوە هەیە. ئەویش ئەوەیە کە لە زمان و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بە وردی جیاوازی لە نێوان هەردوو زاراوەی ئینگلیزی (Glossary) و (Dictionary)نەکراوە. هەم لە فۆرم و بەکوردیکردندا، بۆ هەردووکیان هەر فەرهەنگ بەکارهاتووە، هەم لە چەمك و ئەرکدا، جیاوازی نێوانیان بە وردی دیاری نەکراوە، بەڵام ئەم دوو زاراوەیە وێڕای نزیکی و پەیوەندی نێوانیان، کە دەچنەوە ناو خانەی پەیوەندی نێوان فەرهەنگناسی و زاراوەناسییەوە، بەڵام لە هەندێك وردەکاری و خاڵی جەوهەریدا جیاوازن.

لە ڕووی فۆرمەوە، لە زمانی کوردیدا، وشەی فەرهەنگ لە بەرامبەر وشەی (Dictionary) بەکارهاتووە و چەسپیوە، هەرچی (Glossary) یە، تاکو ئێستا بەرامبەرێکی گونجاوی بۆ نەدۆزراوەتەوە. وەکو پێشنیازێك، دەکرێت وشەی زاراوەنما بەکاربهێنین، کە لە

دووبەش پێك دێت، زاراوە و نما، ئەمەش لەسەر هەمان شێوەی وشەکانی قیبلەنما، کتێبنما، ڕێنما سازدەکرێت، کە بە مانای خستنەڕوو و نیشاندەر و ڕوونکەرەوەی زاراوەکانی زانست و بوار و پسپۆڕییەك دێت، هەروەکو لە بەشێك لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا، مۆرفیمی "نما" زیاتر بە مانای نیشاندان و دەرخستن و ڕێنوێنیکردن دێت (مەردۆخی، 1388: 674، خاڵ، 2017: 588، هەژار، 1388: 868)، ئەمەش ڕاستەوخۆ خۆی لەگەڵ مانای زاراوە ئینگلیزییەکەی (Glossary) خۆی هاوتا دەکاتەوە، کە بە ماتای لیستێك زاراوەی بوارێکی تایبەت لەگەڵ ڕوونکردنەوەی چەمك و ماناکانیان دێت (Merriam-Webster: n.d.) .

هەرچی لە ڕووی مانا و چەمکەوەیە، جیاوازییەکە لەوەدایە، کە لە دوای سەرهەڵدانی زاراوەناسی وەك بوارێکی سەربەخۆ، خۆی وەك دژبەرێك لەبەرامبەر فەرهەنگناسی بینییەوە، بەم چەشنەش جۆرێك لە جودایی و بەرامبەری لە نێوان فەرهەنگ و زاراوەنمادا دروست بوو، بەو مانایەی لە کاتێکدا، بە گشتی کەرەسەی کارکردنی فەرهەنگناسی وشەیە، کەچی کەرەسەی کارکردنی زاراوەناسی زاراوەیە، بەمەش فەرهەنگ زیاتر کۆکردنەوە و دۆزینەوەی هاوواتاکانی وشەکانی زمانێکە یان زیاتر، بەڵام زاراوەنما زیاتر کۆکردنەوە و سازکردن و شرۆڤەکردنی چەمك و ناساندنی زاراوە تایبەتەکانی بوارێکی دیاریکراوە، فەرهەنگ زیاتر ئامانجی دۆرزینەوەی وشە هاوواتاکان و ئەرکێکی وەسفیی بەرامبەرکردنی وشەکان دەگێڕێت، کەچی زاراوەنما، زیاتر ئەرکی سنووردارکردنی بەکارهێنانی زمان و وشە، ڕابەریکردن و ڕێنماییکردنە لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا (Baker & Saldanha, 2020: 56). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، فەرهەنگ، مانا و ئەرکێکی گشتگیر و هەمەلایەنی هەیە، زاراوەنماکان هەرچۆنێك بێت، هەر لە سنووری کارکردن و بەکارهێنانی وشەدا دەمێننەوە و لە هەندێك کۆنتێکستدا وەك فەرهەنگۆك بەکاردەهێترێن، هەر بۆیە سنوورێکی تۆخ و زەق لە هەموو بارێکدا لەنێوان فەرهەنگ و زاراوەدا بە تەواوی دەرناکەوێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە هەردووکیان دەتوانرێت یەك فۆرم و مانایان بۆ بەکاربێت.

فەرهەنگنووسی و زاراوەنماسازکردن لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی نییە، سەرەداوەکانی ئەم مێژووە، بۆ دەسپێکی سەدەی بیست و یەك دەگەڕێتەوە، کە هاوکات لەگەڵ زۆربوونی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لە بواری ڕەخنەدا، جموجۆڵی بزوتنەوەی وەرگێڕان، هاتنی بە لێشاوی شەپۆڵ و تەوژم و ئەزموونی ئەدەبی و ڕەخنەیی دەرەکی، کرانەوەی کوردستان بە ڕووی وڵاتان و کولتووری جیاوازدا، ئەمانە و چەندان هۆکاری دیکە، فاکتەری پێویستی نووسینی کۆمەڵێك فەرهەنگ و زاراوەنمای ڕەخنەیی بوون، کە بەشێکیان نموونە و کەرەسەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەن، کە دەتوانرێت بەسەر دوو جۆردا دابەش بکرێن:

## یەکەم- فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی (زاراوە بەرامبەر زاراوە)

ئەو جۆرە فەرهەنگانە، زیاتر هەوڵی داڕشتن و سازکردن و بەکوردیکردنی زاراوە ڕەخنەییە ئەدەبییەکانیان داوە، لە هەندێك باریشدا هاوتاکانیان لە زمانی بێگانەدا، لەبەرامبەردا نووسراوە، بەبێ ڕوونکردنەوەی چەمکەکان و ناساندنی زاراوەکان. ئەم زاراوانە لەسەر بنەمایی ئەلفبێ ڕێکخراون و ڕیزکراون. فەرهەنگە ڕەخنەییەکانی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم جۆرە فەرهەنگانە، ئەمانە دەگرێتەوە:

- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (2002)

ئەم فەرهەنگە قەبارە ماماوەندە، هەروەکو لە ناونیشانە لاوەکییەکەیەوە ڕووندەبێتەوە، کە فەرهەنگێکی تایبەتە بە زاراوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەب. زیاتر لە 2500 زاراوە بە شێوەی ئەلفبێ بە زمانی کوردی- ئینگلیزی، ئینگلیزی- کوردی ڕیزکراوون. نووسەرانی ئەم فەرهەنگە بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمووەدین، فەرهەنگەکەیان لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم وەك یەکەمین کتێبەکانی فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی لە باشووری کوردستاندا لە ساڵی 2002 دا بڵاوکرایەوە.

لە پێشەکی ئەم فەرهەنگە زاراوەییەدا، زاراوەسازکارەکان پوختەیەکی کورت لە بارەی دەسپێکی سەرهەڵدانی فەرهەنگنووسین باسدەکەن، بەڵام لە میانەی باسکردنی ئەم مێژووە، جۆرێك لە تێکەڵی لە نێوان زاراوەی فەرهەنگی وشە، زاراوەنما و ئیناسایکلۆپیدیا درکی پێدەکرێت(سەجادی، مەحموودی،2003 : 7). ئەم فەرهەنگە هەموو زاراوەکانی لەسەر بناغەی زمانی کوردی

و بە پشتبەستن بە ڕێبازێکی زانستی ورد ساز نەکردووە، زیاتر پشتی بە بناغە و داڕشتنی زمانەوانی و پیتوەرگێڕی بۆ زاراوە بیانییەکان بەستوە، بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی و فارسی، تەنانەت هەردوو زاراوەسازکارەکان پێیانوایە زمانی کوردی لە ئاستی بیر و مەعریفییەوە لاوازە، هەروەکو دەنووسن: "..هەرچەندە ئیمرۆژە باسی زاراوە داتاشین بۆتە ویردی سەرزمانی زۆرکەس کەپێیان وایە خەزێنەی وشەی کوردی ئەتوانێ ڕووبەڕووی شەپۆلی مەزنی بیری نوێ ببێتەوە، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەمە تەنیا خۆخەڵەتاندنە......، کەچی کاتێ ڕووبەرووی فەلسەفە و تیۆر و ڕەخنە دەبینەوە، باشتر تێدەگەین کە زمانی کوردی چەندە لەباری فیکری و مەعریفی و هزرییەوە لاوازە، ئەمەش ڕاستییەکی ئاشکرایە....)) (سەجادی، مەحموودی،2003 : 10)، ئەم بۆچوونە جگلە لەوەی بڕیارێکی پێشوەختە و ناڕاستییە، لە هەمان کاتدا، پاتکردنەوەی گوتاری ئەوانی دیکەی زاڵە، چونکە بەهێزی و لاوازی بزاڤی زاراوەناسی و مەعریفی هەر نەتەوەیەك، پەیوەندی بە خود و سروشتی زمانی نەتەوەکەوە نییە، بەڵکو ئەمە پەیوەندی بە ئاستی مەعریفی و کارکردن و هۆشیاری ئاخێوەرانییەوە هەیە، هەر بۆیە بڕیاری لاوازی زمانی کوردی لە سازکردنی زاراوەی نوێ، پەیوەندی بە ڕادەی کارکردن و بەکارهێنانی لە زانست و توێژینەوەدا هەیە، تەنانەت وەرگرتنی زاراوەی زمانانی دیکەش لەسەر بنەمایەکی پتەوی زانستی، نەك هەر لاوازی نییە، بەڵکو بەڵگەی زیندویی و هەنگاوانی زمانە لە پرۆسەی توێژینەوەی مەعریفی و زانستیدا، بەڵام ئەم تێڕاوانیە بۆ زمانی کوردی، لەسەر پرۆسەی سازکردنی زاراوەکانیش ڕەنگیداوەتەوە، کە لە زۆربادا، پشتیان بە زاراوە و وشەی زمانی بێگانە بەستووە، لە کاتێکدا، بەرامبەرەکەیان لەزمانی کوردیدا هەیە و بەکارهاتووە.

- زاراوەی ئەدەبی (2006)

ئەمە فەرهەنگێکی زاراوەی ئەدەبی (کوردی – عەرەبی- ئینگلیزی)یە، کە لە لایەن لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان ئامادەکراوە و وەك بڵاوکەرەوەیەکی ئەم کۆڕە لەساڵی 2006دا بڵاوکراوەتەوە. زاراوەکان هەندێکیان باون و بەکارهاتوون، هەندێکیشیان پیتوەرگێڕی و وەرگێڕانیان بۆ کراوە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆرن، کە خۆی لە سەرووی 2100 زاراوە ڕیزکراوون و وەرگێڕدراون، بەڵام لە زۆر باردا، لە وەرگێڕانی زاراوەکان لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە، فرە فۆرم و کۆمەڵێك وشەی هاوواتایان لە زمانی کوردیدا، بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و ژوروو بۆ دانراوە، نەك هەوڵی سازکردن و دانانی زاراوە بدرێت (لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، 2006: 25،69، 127). ئەم فەرهەنگە پەیڕەویکردنی هیچ میتۆد و ڕێبازێکی دانانی زاراوەی پێوە دیار نییە، سوود لە سەرچاوە و ژێدەری مەعریفی زۆر وەرنەگیراوە، تەنانەت لیستی سەرچاوەش نییە، کۆی هەموو ئەو سەرچاوانەی وەك بنەمایەك سوودی لێوەرگیراوە، تەنیا پێنج سەرچاوەن، هەورەکو لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە (لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، 2006: 3)، وێرای ئەمانەش، بە یەکێك لەسەرەتایترین کتێبەکانی فەرهەنگی ئەدەبی کوردی دادەنرێت، کە بەشێوەی دەستەجەمعی کاری لەسەر کراوە.

- فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی (2022)

ئەم فەرهەنگە، دوا چاپ و تەواوکەری فەرهەنگەکانی دیکەی زاراوەسازکار بەختیار سەجادییە، کە لە دوو توێی فەرهەنگێکی زاراوەی ڕەخنەیی قەبارە گەورەدا، کە زیاتر لە 5900 زاراوەی لە خۆگرتووە، لە ساڵی 2022 دا، لە لایەن "ماڵی وەفایی"ەوە بڵاوکراوەتەوە. فەرهەنگێکی زاراوە بەرامبەر زاراوەیە، نەك چەمك و ناساندن و شیکاری لە خۆ بگرێت. لەسەرەتادا، پێشەکیەکی لە بارەی مێژووی زاراوەسازی لە زمانی کوردیدا نووسیوە، هەروەها پاشخان و چۆنیەتی گەشەکردن و ئاستەنگەکانی بەردەم دانانی فەرهەنگەکەی ڕوونکردۆتەوە(سەجادی، 2022: 9 - 29). لەگەڵ ئەمانەشدا، پەنجا خاڵی لەسەر زاراوەسازی و وەرگێڕانی چەمکەکان نووسیوە، کە سەرنج و دیدی ڕوون و وردیان لەبارەی کێشەکانی داڕشتن و سازکردنی زاراوە تێدایە، بەڵام لە زۆر شوێندا، کێشە و چارەسەرەکانی زاراوەسازی لە زمانی فارسی بە پلەی یەکەم و سروشتی زمانی ئینگلیزی بە پلەی دووەم وەك پێوەر و پاسا بۆ دروستی بۆچوونەکانی لەبارەی کێشەکانی زاراوەسازی کوردی بەکارهێناوە و بەشێوازێکی ئاڵۆز و کورت باسیکردوون(سەجادی، 2022: 36، 37، 39، 40، 44، 75)، کە هەموو جۆرە خوێنەرێك بە ئاسانی لێیی تێ ناگات، ئەمەش تاڕادەیەك لە ڕۆڵی فەرهەنگی ڕەخنەیی وەك کلیل و ڕێنیشاندەر بۆ خوێنەر دوور دەکەوێتەوە. هەروەها بە وردی و ڕوونی تەواوی ئەو ڕێگە و ڕێبازانەی دیاری نەکردووە، کە زاراوەکانی پێداڕشتووە، یاخود لێیەوە وەرگرتووە و وەرگێڕاوە، هەرچەندە هەندێك وردە سەرنجی لەبارەی پاشگر و پێشگرەکانی سازکردنی زاراوە نووسیوە. ئەمە جگە لە وەی لە ئاماژە بە میتۆد و ڕێبازێکی دیاریکراوی دانانی فەرهەنگسازی و

فەرهەنگنووسی نەکردووە، بەڵام لە ژێر ناونیشانی "ئاستەنگەکان و ڕێبازی کار" کە لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا نووسیویەتی، زیاتر باس لە بەربەستەکان و مەبەست و هۆکارەکانی دانانی فەرهەنگەکەی کردووە (سەجادی، 2022: 23- 29)، وێڕای هەموو ئەمانە، جۆرێك لە هۆشیاری ڕەخنەیی و پاشخانی ڕۆشنبیری لە بارەی کێشەکانی زاراوە لە پرۆسەی دانانی ئەم فەرهەنگەدا درکی پێدەکرێت.

**دووەم: زاراوەنمای ڕەخنەی ئەدەبی (زاراوە- زاراوە، چەمك، ناساندن):**

ئەمیش هاوشانی فەرهەنگی زاراوە بەرامبەر زاراوە، کاری کۆکردنەوە و بەرامبەرکردنی زاراوەکانە، بە داڕشتن و سازکردن و بە کوردیکردنی زاروەکان و ڕیزکردنیان، بەڵام لە پاڵ ئەمانەشدا، مانا و چەمك و پێناسە و ڕوونکردنەوە لەبارەی هەر زاراوەیەك بە ئەرکی خۆی دەزانێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەم ئەرکانە، بە تەواوی لە هەموو زاراونماکانی سنووری ئەم توێژینەوەیە کاریان لەسەر کرابێت، ئەمەش پەیوەندی بە نەبوونی پاشخانێکی هۆشیاری ڕەخنەیی قووڵ لە بارەی زرارەنمانووسییەوە هەیە، کە هەموویان هەوڵی سەرەتایی تاکەکەسی و جووتە کەسین، زاراوەنماکان ئەمانەن:

- فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (2004)

ئەم ناونیشانە، لە سەرەتایترین زاراوەنماکانی (کوردی- ئینگلیزی) ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە، لە ئامادەکردنی فەرهەنگسازان بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودییە، کە کۆمەڵێك زاراوەیان بە گوێرەی ئەلفبێی کوردی (پیتی ئـ تا کۆتایی جێ) لە بواری ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبیدا، وەك بەرگی یەکەم لە دوو توێی کتێبێکدا چێکردووە، کە لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە ساڵی 2004 دا بڵاوکراوەتەوە.

یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی کە ئەم زاراوەنمایە لە خۆیدا گرتووە، ئەوەیە کە جگە لە بەرامبەرکردنی هاوواتای زاراوەکان، هەوڵیداوە ڕوونکردنەوەی کورت لەبارەی چەمك و پێناسەی زاراوەکان بدات.، بەڵام شێوازێکی ئاڵۆز و نا ڕوونی لە ڕیزبەندیکردن و شیکردنەوەی زاراوەکان گرتۆتەبەر، کە ڕۆڵی ڕێنوێنیکردنی خوێنەر لەدەستدەدات. لە هەندێك زاراوەدا، تەنیا هاوواتاکانیان لە زمانی ئینگلیزیدا لە بەرامبەردا نووسراوە و ڕوون نەکراونەتەوە. لە ڕووی زمانی شیکارکردنەکانەوە، لە هەندێك بارداا، زمانێکی ڕوون و ڕەوان بەکارهاتووە، لە شیکردنەوەی هەندێك زاراوی دیکەشدا، زمانێکی ئاڵۆز و تژی لە وشە و دەستەواژەی زمانی بێگانە درکی پێدەکرێت. ئەمە جگە لەوەی ڕێباز و میتۆدی زاراوەناسی و فەرهەنگنووسی یان هەر میتۆد و ڕێبەندێکی دیکە، کە لەم فەرهەنگەدا بەکارهێنرابێت، لە پێشەکی زاراوەنمایەکەدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە.

- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی (2011)

ئەمە لە پێشەنگی ئەو زاراوەنمایانە دێت،کە هەوڵیداوە هەم زاراوە سازبکات، هەم و چەمك و پێناسەکەی بخاتەڕوو، بەڵام ژمارەیەکی کەم زاراوەی بەسەر کردۆتەوە، کە خۆی لە 55 زاراوەدا دەبینێتەوە، لە سەرەتادا، ئەم زاراوانە لە پاشکۆی "ڕەخنەی چاودێر" ی ڕۆژنامەی "چاودێر" لە ماوەی ساڵانی 2008 بۆ 2010 دا بڵاوکراوەتەوە (ئەسوەد، 2011: 17). هەر ئەمەشە، وایکردووە، کە جۆرێك لە زمانی ڕۆژنامەگەری و تێکەڵکاری نێوان چەمکی زاراوەکانی پێوە دیار بێت. ئەم زاراوەنمایە، بەپێی هیچ سیستەمێك یان ئەلفبێی زمانی کوردی زاراوەکانی ڕیزبەندییان بۆ نەکراوە. لە بەرامبەر زۆربەی زاراوە کوردییەکاندا، هاوتا ئینگلیزییەکەی نووسیوە، بەڵام سوودی لە هیچ سەرچاوەیەك بە زمانی ئینگلیزی نەبینیوە، زیاتر سوودی لە سەرچاوەی عەرەبی وەرگرتووە و مانا و چەمکی زاراوەکانی وەرگێڕاوە، کەمتر بە دوای چەمك و بەکارهێنانەکانی لە ڕەخنەی ئەدەبی کورددیدا گەڕاوە. زاراوەسازکار ئاماژەی بە هیچ میتۆد و ڕێبازێکی زاراوەناسی و فەرهەنگناسی و وەرگێڕاناسی نەداوە، کە لە ڕێگەیەوە زاراوەکانی سازکردبێت و ناساندبێت. وێڕای ئەمانەش، هەوڵێکی سەرەتایی گرنگە بۆ دانانی زاراوەنما لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا.

- فەرهەنگی ئەدەبی (2012)

ئەم زاراوەنمایە، لە نووسین و ئامادەکردنی موحسین ئەحمەد عومەرە، کە لە بنەڕەتدا، وەك بەرگی یەکەم بە ناونیشانی " فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی"، لە ساڵی 2005 دا لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر لە ساڵی 2012 دا بە چاپێکی نوێ و کۆمەڵێك زاراوەی نوێ و دەسکاریکردنەوە لە لایەن چاپخانەی حەمدییەوە چاپ کراوەتەوە.

ئەمەیان زیاتر زاراوەنماییەکی کوردی- فەرەنسییە.، کە 116 زاراوەی لە خۆ گرتووە، هاوکات و چەمك و ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە و ناساندنی بۆ زاراوەکان کردووە. لە بەرایی زاراوەنمایەکەدا، ئاماژە بەوە کراوە کە ئەمە یەکەمین هەوڵە کە جگە لە لە زاراوە بەرامبەر زاراوە، مانا و لێکدانەوەی بۆ زاراوە ڕەخنەییەکان کردووە (عومەر، 2013: 5)، بەڵام هەروەکو لە خستنەڕووی زاراوەنماییەکانی ئەم تەوەرەیەدا دەردەکەوێت، کە ئەمە یەکەمین هەوڵ نییە، پێشینەی دیکەی کارکردن لەم ئاستەدا هەیە، بەڵکو دەکرێت ئەمە بە یەکێك لە یەکەمین هەوڵەکان لەو بوارەدا دەسنیشان بکرێت.

زاراوەسازکار هەوڵیداوە زمانێکی زانستیانەی ڕەخنەیی بەکاربهێنێت، بەڵام لە بەکوردیکردنی زاراوەکان، پتر پەنای بۆ پیتوەرگێری بردووە، نەك سازکردنێکی کوردییانەی زارراوەکان. لە هەندێك جوغزی زاراوەنمایەکەدا، لە بری زاراوە هەندێك ناونیشان و تەوەرەی کردۆتەوە، کە پتر لە ناونیشانی وتار و توێژینەوە دەچن، نەك زاراوەسازی، بۆ نموونە ناونیشانەکانی "ئەدەب و بایۆگۆافیا"(عومەر، 2013: 19)، "ڕیالێزم و ناتورالیزم"( عومەر، 2013: 143)، "ئەدەب و هونەری شێوەکاری"( عومەر، 2013: 26)، "ئەدەب و سینەما"( عومەر، 2013: 31)، ئەمەش تا ڕادەیەك لە ئەرکی زاراوەسازییانەی خۆی دوور کەوتۆتەوە.

- کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە (2024)

ئەم زاراوەنمایە، لە ڕووی قەبارە و ژمارەی زاراوەوە، گەورەترین زاراوەنمای بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە، کە خۆی لەسەرووی 655 زاراوە بە چەمك و ناساندنەوە لە خۆ دەگرێت، کە لەلایەن عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی و عەلی تاهیر بەرزنجی ئامادەکراوە، لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لە ساڵی 2024دا بڵاوکراوەتەوە.

لە ڕووی ڕێزبەندیکارییەوە، زاراوەکان بە پێی ئەلفبێی ڕێزکراون، بەڵام هەڵەی زۆر لە ڕێزبەندکردنەکاندا هەیە، بۆ نموونە زۆرینەی ئەو زاراوانەی کە لە ژێر پیتی (ز) ریزکراون، پەیوەندییان بەم پیتەوە نییە (بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 563 -564). هەروەها ئەم زاراوەنمایە، کاریگەرییەکی زۆری فەرهەنگ و ئەدەبی عەرەبی بەسەرەوە دیارە، تەنانەت لە ڕوونکردنەوە و نموونە هێنانەوە پەنا بۆ دەقی ئەدەبی عەرەبی براوە. لەگەڵ ئەمەشدا، لە بەرمبەر زاراوەکاندا، هاوواتاکانی لە زمانی ئینگلیزی لە پاڵ عەرەبیدا نووسراون، ئەمە بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی ئینگلیزی لە دانانی ئەم زاروەنمایەدا بەکارهێنرابێت.

یەکێك لە کێشە زۆر باو و دووبارەکانی ئەم فەرهەنگە، دووبارە باسکردنەوە و ڕیزکردنەوە زاروەکانە. ئەم دووبارەبوونەوەیەش پەیوەندی بە نەبوونی بە وردی و پێداچوونەوەی کارەکەوە هەیە، چونکە وێڕای ئەوەی زاراوەکان دووبارە کراونەتەوە، بەڵام باسکردن و ناساندنی چەمکەکانیش بە شێواز و دەربڕینی دیکە باسکراونەتەوە. ئەمە جگە لەوەی لە پرۆسەی بەکوردیکردن و سازکردنی زاراوەکاندا، هاوواتا و فۆرمی زۆر بۆ یەك تاکە زاراوە بەکارهاتووە، تەنانەت لە بری داتاشین و سازکردنی زاراوەکان لەسەر بنەمایەکی زمانەوانی و زانستی ڕوون و یەکخراو، تەنانەت پەنا بۆ دروستکردنی فرێز و دەستەواژەی درێژ و ڕستە براوە. هەموو ئەم کێشانەش پەیوەندی بە نەبوونی کاری دەستە جەمعی و فرەپسپۆری لەلایەك و هەروها نە بوونی هۆشیارییەکی قووڵ لە بارەی میتۆد و تیۆرەکانی زاروەناسی و وەرگێڕاناسی و فەرهەنگناسییەوە هەیە. بەڵام بە گشتی ئەم کارەش هەنگاونانە بەرەو گەشەکردن و برەودان بە زاراوەناسی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا.

### 2-2. کێشەی زاراوە لە فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

بە شێوەیەکی گشتی زاراوە جۆرە سروشتێکی کێشەداری هەیە، بەڵام مانای ئەوە نییە، کە بە ڕەهایی نەتوانرێت جۆرێك لە چارەی بۆ بدۆزرێتەوە، هەر بۆیە لە نێوان پرۆسەی سازکردنی زاراوە تا دوای جێگیربوونیشی کۆمەڵێك ئاریشە لە دەوریدا کۆدەبنەوە،کە پێی

دەگوترێت "كێشەی زاراوە"، كە ئەو هەڵە و لادان و ناپابەندبوون و تێكەڵكارییانە دەگرێتەوە، كە كێشە بۆ ئەرك و پێوەرەكانی بە زاراوەبوون دروست دەكەن، هەر بۆیە هەر كێشەیەك لە زاراوە ڕەخنەییەكان، ڕاستەوخۆ كێشەیە بۆ گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی و خودی ڕەخنەگر.

لە ناو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا، وێڕای بوونی ژمارەیەك فەرهەنگ و زاراوەنمای ڕەخنەیی، بەڵام ئەمە لە هەندێك باردا، كێشەكەی تۆختر كردۆتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی لێشاوی كولتووری ڕەخنەی جیهانی و كەڵەكەبوونی زاراوە ڕەخنەییەكان، كێشەیەكی زەق ڕووبەڕووی ڕەخنەی ئەدەبی كوردی بۆتەوە، زۆرینەی هەر زۆری كێشەكان پەیوەندییان بە وەرگێڕانەوە هەیە. هەر ئەمەش وایكردووە، كێشەی زاراوە و وەرگێڕانی زاراوە وەك دووانەیەكی لە یەكتر دانەبڕاو دەر بكەون.

لە ناو فەرهەنگ و زاراوەنماكانی سنووری ئەم توێژینەوەیەش، كۆمەڵێك ئاریشە هەن، ئەمانە هەم كێشەی زاراوەن، هەم كێشەیەكی زەقی ڕەخنەی ئەدەبی كوردین، كێشەكانیش بەیەكداچوون و پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە، باسكردنی هەر یەكێكیان، بە جۆرێك لە جۆرەكان پەیوەندی بە ئەوانی دیكەوە هەیە، بەڵام زەقترین و دیارترین كێشەكانی زاراوە لە ناو فەرهەنگ و زاراوەنماكانی ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، كە پەیوەندییان بە وەرگێڕانەوە هەیە، ئەمانەن:

### 1-كێشەی سازكردن

پرۆسەی زاراوەسازی لە ناو زمان و ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا، لە چەند ڕێگایەكەوە كاری لەسەر كراوە، هەرچەندە ئەو ڕێگایانەش هەر تایبەت بە زمانی كوردی نین. یەكێك لە ڕێگاكانیش، دارِشتنە، كە لە وشەیەكی سادە لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك دروست دەبێت. هەروەها داتاشین (Derivation)، كە بە یەكەوە بەستنەوەی دوو وشەی سادە پاش قرتاندنی دەنگێك یان زیاتر لە یەكێك یان هەردووك وشە سادەكەوە دروستدەبێت. ڕێگایەكی دیكە، ڕێگای لێكدانە، كە بە لێكدانی دوو وشەی سەربەخۆ بە هۆی ئامراز یان بە بێ بوونی ئامراز سازدەكرێت. جگە لەمانە، ڕێگای خوازە (میتافۆر)، كە ئەمیش سازكردنی زاراوەیە لە ڕێگەی فراوانكردنی واتای وشە، بەكارهێنانی ئەو وشەیە بە چەشنێك، كە كە بە تەواوی بە مانا بنەڕەتییەكەی خۆی نایەت، بەڵام پەیوەندیشی پێوە هەیە. ڕێگای وەرگێڕانێش هەیە، كە پەیوەندی بە هەموو ڕێگاكانی دیكەوە هەیە، ئەویش بە كوردیكرن و دۆزینەوەی هاوتای فۆرم و مانای وشە لە زمانی كوردیدا بۆ زاراوەیەك كە لە زمانی بێگانەوە هاتووە. لەگەڵ ئەمانەشدا، ڕێگای زرەڕێژیش هەیە، كە پەیوەستە بە وەرگێڕانەوە، زاراوەكە لەسەر هەمان ئەو بنەمای داتاشین و دارِشتنی فۆرمیەی كە زاراوەكە لەزمانی بێگانەدا هەیەتی، بە كوردیدەكرێت.، وەك جێناو( جێ + ناو) ، كە لە بەرامبەر Pronoun (Pro + noun) دا بەكارهاتووە . ڕێگای پێوانیش هەیە، كە لەسەر هەمان بنچینەی پێكهاتنی وشە ڕەسەن و كۆنەكانی كوردی زاراوەكە ساز دەكرێت (شوانی، 2011: 119 – 129، دزەیی،2013: 89 – 92، تاهیر، 2012: 231 - 291). ئەم ڕێگایانە هەم خاوەنی كۆمەڵێك وردەكاری و ڕێچكۆكەی دیكەن، هەم لە پاڵیاندا، كۆمەڵێك ڕێگەی دیكە هەن، كە بەهۆیانەوە زاراوە لە زمانی كوردیدا سازكردن و وەرگێڕانی بۆ دەكرێت.

یەكێك لە كێشە هەرە باو و فرە جەمسەرەكانی زاراوە لە فەرهەنگەكانی ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا، لەو سازكردنانەوە سەرهەڵدەدات، كە پەیوەندییان بە وەرگێڕانەوە هەیە، كێشەكانیش ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەكوردیكردنی زاراوەكانەوە هەیە. بە كوردیكردنیش تەنیا دۆزینەوەی وشەی هاوتای كوردی گونجاو بۆ زاراوەكە لە زمانی بێگانەدا نیە، بەڵكو بەكوردیكردن و هاوتاكردنی فۆرم و واتاكەشی جێی بایەخە. لەم پرۆسەیەشدا، كۆمەڵێك كێشە هەن، پەیوەندییان بە بەكوردیكردنی فۆرمی زاراوەكانەوە هەیە، لەوانە پیتوەرگێڕی، كە تەنیا پیتەكان وەرگێڕانێكی كوردیانەیان بۆ دەكرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ فۆنەتیكی زمانی كوردی بگونجێن. هەروەها كێشەی زرەڕێژی كە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ كرا، كێشەی فرە فۆرمی بۆ تاكە زاراوەیەك، كێشەی تاك-فۆرمی (تاكە فۆرمێك) بۆ زاراوەیەك زیاتر، كێشەی بە ڕستەییكردنی زاراوەكە. لە بەكوردیكردنی مانای زاراوەكانیشدا، هەندێك كێشە هەن، وەكو كێشەی نەگونجاوی واتای زاراوەكە، كێشەی فرە هاوواتایی، كێشەی پشتبەستن تەنیا بە واتای بنەڕەتی وشەی هەڵبژێردارو بۆ بوون بە زاراوە و فراوانەكردنی واتا. كێشەی بەكارهێنانی وشە هاوواتاكان بۆ سازكردنی زاراوەی واتا و چەمك جیاواز.

شیکردنەوە و نموونە هێنانەوە بۆ هەر یەکێك لەم کێشانەی سەرەوە، لە توێژینەوەیەکی مەودا کورتی سنوورداری لەم چەشنەدا، کارێکی دژوارە، بەڵام لە سازکردن و بەکوردیکردنی هەندێك زاراوەدا، تا ڕادەیەك کۆی کێشەکانی سازکردن و بەکوردیکردن لە ناو فەرهەنگە ڕەخنەییەکانی سنووری ئەم توێژینەوەیە بەرجەستە دەبن، هەر ئەمەشە بەکارهێنان و ستانداردکردنی زاراوەکان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا زیاتر کێشەدار دەکات. بۆ نموونە زاراوەیەکی باو و ناسراوی وەکو بونیادگەری (Structuralism)، کە یەکێکە لە میتۆدە ڕەخنەییەکان، لە ناو فەرهەنگە ڕەخنەییەکاندا بەم شێوەیە بەکوردی کراوە:

- لە "فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی" و " فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی" دا، بنەماخوازی بەکارهاتووە (سەجادی و مەحموودی،2002: 87 & 2004: 196).
- لە " فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی" دا، زاراوەی بونیادگەری بۆ سازکراوە (ئەسوەد، 2011: 60).
- لە " فەرهەنگی ئەدەبی" دا، بە زاراوەی ستراکتورالیزم پیتوەرگێری بۆ کراوە (عومەر، 2012: 168).
- لە "فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی" دا: پێکهاتە خوازی، پێکهاتەیی خوازی بەکارهاتووە (سەجادی، 2022: 433).
- لە "کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە"دا، زاراوەی بونیادگەری، بنیاتگەری، پێکهاتەگەرایی سازێنراوە(بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 77).

لە سازکردنی زاراوەی یەکەمیاندا، بنەماخوازی لە ڕێگای داتاشینەوە دروست بووە، بەڵام وشەی بنەما، بە مانای کتومتی (Structure) نایەت، هەرچەندە پاشگری (خوازی) تاڕادەیەك لەگەڵ پاشگری (ism) هاوتایە. هەروەها فۆرمەکانی پێکهاتە خوازی و پێکهاتەیی خوازی بە هەمان ڕێگا سازکراون. پێکهاتەگەرایی لە ڕێگەی وەرگرتن و زرەڕێژەوە دروستکراوە، چونکە پاشگری (گەرایی) بنەڕەتێکی کوردی نییە و لە زمانی فارسی وەرگیراوە. فۆرمی ستراکتورالیزمیش، لە ڕێگای پیتوەرگێرییەوە، لەزمانی فەرەنسییەوە بۆ زمانی کوردی سازکراوە، بەڵام گۆکردنێکی سەخت و ناباوی هەیە، کە لەگەڵ ئاخیوەری کورددا ناناشنایە. بونیادگەری و بنیاتگەری ئەلۆمۆرفی یەکترن، بەڵام فۆرمی بونیادگەری زیاتر چەسپیوە و بەکاردێت. هەرچەندە وشەی بونیاد لە بنەڕەتدا کوردی نییە. پاشگری (گەر) زیاتر پاشگرێکە بۆ ناوی پیشە(وەك ئاسنگەر) بەکاردێت، نەك لە بری پاشگری (ism). هەرچەندە مەسعود محەمەد ئاماژە بۆ بەکارهێنانی پاشگری (ایەتی)، لە بەرامبەری (ism) دەکات (محەمەد، 1988: 443)، بەڵام ئەمەش ڕێگای داڕێشتن و زرەڕێژییە، چونکە پشت بە وەرگێڕانی عەرەبی (یة) بۆ هەمان پاشگر بەستراوە. وێڕای ئەمانە، پاشگری (خوازی) لەبەرامبەر (ism) گونجاترە، بەلام لە سازکردن و بەکوردیکردنی ئەم زاراوەیەدا، زیاتر بونیادگەری چەسپیوە.

هەروەها لە سازکردن و بە کوردیکردنی زاراوەیەکی هاوچەرخی وەکو گوتار (Discourse)دا، هەمان دۆخ دووبارە دەبێتەوە، کە ئەم بەرامبەرانەی بۆ سازکراوە:

- گوتە، گوتار (سەجادی و مەحموودی،2002: 25).
- گوتە، ئاخفتن، گوتەیی، ئاخفتەیی، ئاخفتنی، گوتار، نووسیار(لێژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، 2006: 26).
- گوتار (ئەسوەد، 2011: 60).
- ئاخاوتن (عومەر، 2012: 168).
- گوتە، وتە، پەیڤ، گوتار، وێژمان (سەجادی، 2022: 433).
- گوتار، گوفتار(بەرزنجی و بەرزنجی، 2024: 77).

لە سازکردنی زاراوەی گێڕەوە (Narrator) یشدا، درك بە بوونی هەمان کێشە دەکرێت، کە ئەم هاوتایانەی بۆ سازکراوە:

- گێڕەوە (سەجادی و مەحموودی،2002: 62).
- گێڕەوە، حیکایەتخوان، گێڕەرەوە، چیرۆکبێژ (لێژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، 2006: 66).
- چیرۆکبێژ. گێڕەرەوە (ئەسوەد، 2011: 241).
- گێڕەرەوە، حکایەتخوان (عومەر، 2012: 242).

- گێڕەوە، ڤەگێڕ، وەگێڕ (سەجادی، 2022: 313).
- گێڕەرەوە (بەرزنجی و بەرزنجی، 2024: 464).

لەم سێ زاراوەیەدا، لە یەکەمیان 7 فۆرم، دووەمیان 10 فۆرم، سێیەمیان 7 فۆرمی جیاوازی بۆ سازکراوە، تەنانەت لە یەك تاکە فەرهەنگیشدا، چەندین هاوتا بۆ یەك تاکە زاراوە دانراوە. لە گەڕان و وردبوونەوە بەناو فەرهەنگ و زاراوەنماکانی سنووری ئەم توێژینەوەیە، درك بە دیدگا و میتۆدیەندییەکی پتەو و ڕوون بۆ بەکوردیکردن و سازکردنی ئەو زاراوانە ناکرێت، کە لە ڕێگەی زمانانی بێگانەوە دێنە ناو زمانی کوردییەوە. لەو فەرهەنگ و زاراوەنمایانەی کە بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی دایانناوە، هەرچەندە فرەفۆرمی و دەسکاری و گۆڕینی زۆریان لە بە کوردیکردنی زاراوەکاندا کردووە، کە لەفەرهەنگێکیانەوە بۆ فەرهەنگێکی دیکە بە ڕوونی درکی پێدەکرێت، هەروەکو لە نموونەکانی سەرەوە دەردەکەوێت، بەڵام هاوکات پشتیان بە ڕێگای زرەڕێژ و وەرگێڕان لە ڕێگەی لاسایکردنەوە زمانانی فارسی بە پلەی یەك، ئینگلیزی بە پلە دوو، ئینجا بە زمانی کوردی بەستوە، بەڵام لە دوا فەرهەنگی "فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی" ی بەختیار سەجادیدا، درك بە جۆرێك لە وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە هەندێك حاڵەتی بە کوردیکردنی کوردییانەی زاراوەکان دەکرێت، بەڵام بەشێکی زۆری زاراوە سازکراوەکان، بەکارهێنانی بەربڵاویان نییە و نە چەسپیون.

لە فەرهەنگی " زاراوەی ئەدەبی" ی کۆڕی زانیاری کوردستاندا، فرە فۆرمی بۆ تاکە زاراوەیەك،(2006: 76، 119، 185) و بەکارهێنانی یەك فۆرم لە وەرگێڕانی کۆمەڵێك زاراوە دەبینرێت(2006: 45، 54، 34). ئەم فەرهەنگە زیاتر گەڕانە بە دوای ئەو وشانەی کە دەشێت لە ڕوویێك لە ڕووەکان، بە نزیکەیی مانای زاراوەکە لە زمانی بێگانەدا بگەیەنن، نەك پرۆسەی سازکردن و بەکوردیکردنی زاراوەکان. بۆ زۆرینەی زاراوەکان فۆرمی جیاواز دانراوە، بەڵام زۆربەیان نە چەسپیون و زۆر بە کەمی کاریان پێدەکرێت. هیچ جۆرە ستانداردێك وەك پێوەر بۆ یەکخستن و بەکوردیکردنی زاراوەکان دەرناکەوێت.

لە "فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی"دا، هەروەکو پێشتر باسکرا، زیاتر پشت بە سەرچاوە و ڕۆشنبیری عەرەبی بەستراوە، بەڵام لە بەرامبەر زاراوە کوردییەکاندا، زاراوەی ئینگلیزی نووسیوە، کە لە زۆر باردا ورد و دروست نین، بۆ نموونە لە بەرامبەر زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا، زاراوەی ( Critical Literature) ی بەکارهێناوە ( ئەسوەد، 2011: 25)، لە کاتێکدا (Criticism) یان (Literary Criticism) بەربڵاوتر و دروستترە، هەروەها لە بەرامبەر ژانرە ئەدەبییەکان، زاراوەی (Literature genres)ی نووسیوە (ئەسوەد، 2011: 39)، کەچی (Literary genres) زیاتر بەکاردێت و دروستترە. ئەمانە خوێنەر دەشێوێنن و لێڵی دروست دەکەن، چونکە ئەمەی یەکەمیان بە مانای ئەدەبی ڕەخنەیی بەکاردێت. واتە جۆرێك لە دەق کە ناوەرکەکەی جۆرێك لە ڕەخنەگرتنی تێدابێت، نەك ڕەخنەی ئەدەبی کە ئەرکی سەرەکی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبییە. هەروەها لەبەرامبەر زاراوەی (Narratalogy)دا، زاراوەی ناراتۆلۆجی و زانستی گێڕانەوەی لە کوردییەکەیدا بەکارهێناوە، (ئەسوەد، 2011: 220)، لە کاتێکدا، گێڕانەوەناسی گونجاوترە و زیاتر بەکارهاتووە، تەنانەت خودی ئەم فەرهەنگەش لە باسکردنی زاراوەی گێڕانەوەناسی بەکارهێناوەتەوە(ئەسوەد، 2011: 236). وێڕای ئەمانە، لە هەندێك زاراوەدا، لە بری یەکخستنی زاراوەکان و پاتکردنەوەی فۆرمی زاراوە چەسپیوە بە کوردیکراوەکان، کەچی فۆرمی ناباوی بەکارهێناوە، لەوانە بەکارهێنانی زاراوەی بەرزەمن لە بەرامبەر ( Super ego) دەبینرێت (ئەسوەد، 2011: 119)، لە کاتێکدا منی باڵا دروستترە و بەر بڵاوترە، لە زۆر سەرچاوەشدا بەکارهاتووە( قەرەچەتانی، 2006: 307، شریف، 1985: 193).

لە زاراوەنمای "فەرهەنگی ئەدەبی"دا، لە بەکوردیکردن و سازکردنی زاراوەکاندا، زیاتر پشتی بە پێتوەرگێڕی بەستوە، نەك دۆزینەوەی هاوتای گونجاو لە زمانی کوردیدا. لە کۆی ئەو 116 زاراوەی کە لەم زاراوەنمایەدا بەسەر کراونەتەوە، زیاتر لە 50 زاراوەیان هەمان فۆرمی زمانی بێگانەیان هەیە، بە تایبەتی فەڕەنسی و ئینگلیزی. بیانوی زاراوەسازکار بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ئەو زاراوانە، ئەگەر هەر وەرگێڕانێکی کوردییانەی بۆ بکرێت، ئەوا ئەو مانایە ناگەیەنێت، کە لە زمانی بێگانەدا هەیەتی (عومەر، 2012: 129، 169، 198)، بەڵام ئەوە ئەرکی زاراوەسازکارە، کە لە بری تەسکردنەوەی واتای وشەکان، پەنا بۆ فراوانکردنی واتای ئەو وشانە ببات، کە بۆ بە زاراوەبوون بەربژێر کراوون، بۆ ئەوەی مانای نوێ وەربگرن و پەیوەندیشیان بە مانا بنەڕەتییەکەی

خۆشیانەوە هەبێت، بەم ڕێگایەش دەگوترێت ڕێگای خوازە (میتافۆر)، کە وەك ڕێگا و بنەمایەك بۆ سازکردن و بەکوردیکردنی زاراوە سوودی لێوەردەگیرێت. لە پاڵ ئەمانەشدا، ئەم زاراوەنمایە هەندێك وشەی هاوواتای وەك دوو زاراوەی جیاواز بەکارهێناوە، لەوانە جوانبێژی و جوانگوتن،کە هەمان مانایان هەیە، بەڵام وەك دوو زاراوەی جیاواز ئاماژەی پێیانکردووە (عومەر، 2012: 102).

لە زاراوەنمای "کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە"دا، وێڕای زۆری کێشەی سازکردن وەك پاتبوونەوەی فرەفۆرمی و نەگونجاوی سازکردن لە بە کوردیکردنی زاراوەکاندا، لە هەندێك بە کوردیکردندا، دەستەواژەکانی ناو و هاوەڵناوی سەراوگێڕ وەرگێڕاوە، لەوانە  بۆ زاراوەی ڕۆمانی خەیاڵی زانستی (Science fiction)، ڕۆمانی زانستیی خەیاڵی سازکردووە (بەرزنجی، بەرزنجی: 2024: 258). هەروەها وێنەی شیعری لەگەڵ شیعری وێنەیی وەك یەك زاراوە هەژمار کردووە (بەرزنجی، بەرزنجی: 2024: 523). ئەمە لەکاتێکدا، وێنەی شیعریی ڕەگەز و پێکهاتەیەکی شیعرە، کەچی شیعری وێنەیی فۆرمێکی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکانە.

یەکێك لە کێشە هەر دیارەکانی ئەم زاراوەنمایە،بە ڕستەییکردن و بەفرێزیکردنی زاراوەیە لە پرۆسەی بە کوردیکردندا، وەك پەیماننامەی سەر بە گێڕانەوە، کە لە بەرامبەر (Narrative pact)داناوە (بەرزنجی، بەرزنجی: 2024: 132)، کە دەکرا بە پەیمانی گێڕانەوە وەرگێڕانی بۆ بکرێت. هەروەها زاراوەی (Close drama)ی، بە دراما بۆ خوێندنەوە، نەك نواندن وەرگێڕاوە (بەرزنجی، بەرزنجی: 2024: 179)، کە دەکرا بە شانۆی خوێندنەوەیی (داخراو) بەکاربهێنێت. هەروەها زاراوەی (Readable texts)  بۆتە "دەقێك کە دەشێت بخوێندرێتەوە"، یاخود "دەقی خوێندراو" (بەرزنجی، بەرزنجی: 2024: 191).. لەکاتێکدا، ئەمە وەرگێڕانێکی دروست نییە، چونکە هەم وەرگێڕانێکی وشەییە، هەم هەموو دەقێك بۆ خوێندنەوەیە، بەڵام دەکرا لەبری ئەوە، دەقی ڕوون بەکارهێنرێت، کە هاوتا مانای زاراوە ئینگلیزییەکەیە. بە شێوەکی گشتی ئەم زاراوەنمایەش تژییە لە کێشەی سازکردن و بەکوردیکردن لەڕووی فۆرم و ماناوە.

هەموو کێشە ئاریشانەی باسکران، جگە لەوەی کە ئەمە وەکو دیاردەیەك لە ناو فەرهەنگ و زاراوەنماکاندا پاتدەبێتەوە، لە هەمان کاتدا، هەڵگری  قووڵیی کێشەی بە کوردیکردنی زاراوەکانە. ئەمەش لەمپەر دەخاتە بەردەم گەشەکردنی زمانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چونکە زاراوەکان  لە ناو پرۆسەی ڕەخنەییدا، ئامراز و کلیلی تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکانن. نەبوونی یەکخستن و ستانداردکردنی زاراوەکان دەبێتە پەرتبوونی ئامانجە ڕەخنەییەکان و بەلاڕێدا بردنی ڕەخنەگر و خوێنەر. تەنانەت لە پرۆسەی بە کوردیکردن و سازکردنی زاراوەکانی ئەم فەرهەنگ و زاراوەنمایانە درکی بە بەبوونی بێ ئاگایی و نەخوێندنەوەی کارەکانی بەکتریش دەکرێت، کە ئەمیش خۆی کێشەیەکی سەرباری دیکەیە.

### 2-کێشەی چەمك و تێگەیشتن

لە ناو پرۆسەی ڕەخنەگرتندا، زاراوەکان بە شێوەیەك لە شێوەیەکان ناسنامە بە چەمکەکان دەبەخشن، وەرگێڕانیش ڕۆلی گەڕانە بە دوای بە یەکگەیاندنی لێکچووەکانی نێوان زمانە جیاوازەکان، نەك دۆزینەوەی هاوشێوە بۆ چەمکەکان، بەمەش چەمك "بریتییە لە یەکەیەکی بیرکردنەوە کە بۆ ڕێکخستنی تێڕوانین و مەعریفەی مرۆڤ لە بارەی جیهانەوە بەکاردێت. چەمکەکان مەیلیان بەرەو تێگەشتنە لە بابەتەکان، نەك دابڕاو و سەربەخۆ بن، بەڵکو لە چوارچێوەی سیستەمێکی ڕێکخراودا، لە پەیوەندی بە چەمکەکانی دیکەدا، تێگەیشتن بوونیاد دەنێن" (Baker & Saldanha, 2020: 579).

لە دەرکەوتە ڕووکەشەکانیاندا، چەمکەکان ڕووت و ئەبستراکتن. بۆ ئەوەی تێگەیشتن و کارلێك لەگەڵیان دروست بێت، پێویستیان بە ناساندن و زاراوە (ناولێنان) هەیە. ئەمەش بۆ ئەوەی گوزارشتیان لێ بکرێت و تایبەتمەندییەکانیان بناسرێنەوە . لێرەشەوە، ئیتر چەمکەکان دیاردەیەکی سەربەخۆ نین، بەڵکو پەیوەندییان بەشێوەیەك لە شێوەکان بە چەمکی دیکەوە هەیە. ئەم پەیوەندییەی نێوان چەمکەکانیش، سیستەمەکانی چەمك پێکدەهێنن، کە دەتوانن لە زۆر سادەوە بۆ زۆر ئاڵۆز بگۆڕدرێن. لە زاراوەناسیدا، بە سیستەمیکردنی ڕێکخستن و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان چەمکەکان، لە دروستی ناساندن و داڕشتنی زاراوەکاندا، پێشمەرجێکی سەرەکییە(Suonuuti, 1997: 12). هەر بۆیە، چەمك بیرۆکەیەکی عەقڵییە یان وێناکردنێکی هزرییە کە نوێنەرایەتی تێگەیشتنێك لە

بارەی بابەتێك یان زیاتر دەکات. زاراوەش شوناس و هێما و گوزارشتکردنە لە چەمکەکان. هەر بۆیە هەر کێشەیەك لە بونیاد و گوزارشتی چەمکەکان، ڕاستەوخۆ کێشە بۆ خودی زاراوەکان دروستدەکات، ئەمەش تەوەرەیەکی بایەخداری زاراوەناسییە.

لە ناو فەرهەنگەکانی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، بە تایبەتی لە ناو زاراوەنماکاندا، کە گرنگی و ئەرکی ڕوونکردنەوە چەمکەکان دەبینن، کۆمەڵێك کێشە هەن، ئەم کێشانە فرەڕەهەند و ئاڵۆزن، لە ڕوویکەوە، پەیوەندییان بە سازکردنی زاراوەکان و پێناسەکانیانەوە هەیە، لە ڕوویکی دیکەوە، ڕادەی تێگەیشتنی بۆ چەمکی زاراوەکان لەلای زاراوەساز و خوێنەر دیاریدەکات، کێشەکانیش دەنوانرێت بۆ چەند وردە کێشەیەك دابەش بکرێن، لەوانە کێشەی تێگەیشتن لە چەمکەکان ،کێشەی مێژووی چەمکەکان، کێشەی تێکەڵکردنی چەمکەکان. کێشەی لێڵی چەژمکەکان. کێشەی گوزارشتکردن لە چەمکەکان.

لە بارەی چەمکی ئەدەبی ناوچەییەوە، نووسیویەتی: "ئەدەبی ناوچەیی کە بۆ خۆی بەشێکە لە ئەدەبی چیرۆکی، نواندنەوەی وردی شوێنکات، زاراوە، بن زاراوە، جلوبەرگ، ئاکار و شێوەی بیرکردنەوە و هەستە جیاجیاکانی ناوچەیەکی دیاریکراو و لەخۆ ئەگرێ" (سەجادی، مەحموودی، 2004: 27). لەم نموونەیەدا، چەندین کێشەی چەمك بەیەکەوە کۆبوونەتەوە، هەم لە ڕووی گوزارشتکردنەوە لێڵ و نارِوونە، هەم تێگەیشتن ئاڵۆز دەکات. ئەدەبی چیرۆکی زاراوە و دەستەواژەیەکی ڕوون و گونجاو نییە، چونکە تێکەڵکاری لەگەڵ هونەری چیرۆك دروستدەکات. هەروەها زاراوە و بن زاراوە زۆر ڕوون نییە، کە ڕەنگە مەبەستی زاراوەسازکارەکان زار و بنزار بێت. هەروەها لە شیکردنەوەی چەمکی ئەوینی دەربارەی کە سازکردنێکی ناکوردییانەی بۆ کراوە، دەنووسێت:" ئەوینی دەربارەی چەشنێکی تایبەتی ئەشقە لە نێوان ئەشقە ئاغاواتەکاندا و زۆرتر لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا لە گۆڕێدا بووە و لە شیعرە لیریەکانی ئەو سەردەمە و ڕۆمانسە شۆڤاڵیەکاندا بە گشتی نوێندراوەتەوە..."( سەجادی، مەحموودی، 2004: 39). لێرەدا، گوزارشت و چەمکی زاراوەکە جۆرێك لە ئاڵۆزی و لێڵی تێدایە، کە کێشە بۆ تێگەیشتنی خوێنەر دروستدەکات، لە بری ئەوەی ڕوونکەرەوە و شیکاری زاراوەکە بێت، بەمەش تارِادەیەك لە ئەرکی زاراوەنمایی خۆی دوور دەکەوێتەوە، کە خوێنەر ئاراستە و ڕێنوێنی دەکات. ئەم جۆرە چەمکاندنی زاراوەکان لە زۆر شوێنی زاراوەنماکەدا دەرکەوتەی هەیە، بۆ نموونە لە ڕوونکردنەوەی چەمکی زاراوەی ئەدەبی بەهەشتی هەمان کێشە دووبارە بۆتەوە (سەجادی، مەحموودی، 2004: 21).

لە "فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی"دا، لەبارەی چەمکی جێندەر، جۆرێك لە کێشەی تێگەیشتن هەیە، هەروەکو نووسیویەتی:"چەمکێکە سەرجەمی ئەو توێژینەوانە لە خۆدەگرێت کە لەبارەی کاروبار و کێشەی ژنان دەکۆڵێتەوە...." (ئەسوەد، 2011: 160)، ئەمە لە کاتێکدا جێندەر پەیوەندی بە هەردوو ڕەگەز و هەموو ناسنامەیەکی ڕەگەزییەوە هەیە، نەك بە کاروباری ژنان تایبەت بێت. هەروەها لە بارەی چەمکی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، دەنووسێت: "چونکە ڕەخنەی ئەدەبی ڕاستەقینە بریتییە لە خوڵقاندنی تێکستێکی هاوشان بە تێکستە ئەدەبییەکە، واتە تێکستی ڕەخنەیی داهێنەر دەتوانێت بە تەریبی لە تەك تێکستە ئەدەبییە داهێنەرەکە ڕێبکات"(ئەسوەد، 2011: 29). ئەمەش جۆرێکە لە تێگەیشتنی نادروست بۆ چەمکی ڕەخنەی ئەدەبی، چونکە ڕەخنە داهێنانی دەقێکی هونەری و ئیستاتیکی هاوشانی دەقی ئەدەبی نیە، بەڵکو ڕەحنەی ئەدەبی لقێکی ئەدەبناسی یان توێژینەوەی ئەدەبییە، کە بە زمانێکی خاوەن ئامراز و زاراوە و کەرەسەی لێکۆڵینەوە، کار لەسەر داهێنانی ئەدەبی دەکات. لە هەردووك ئەو نموونانەدا، جۆرێك لە هەڵە تێگەیشتن لەبارەی چەمکەکان درکی پێدەکرێت. ئەم دیاردەیە لە زۆر ڕووبەری دیکەی زاراوەنمایەکەدا پاتبۆتەوە، هەروەکو لە چەمکی فانتازیا و چەمکی دەقی کراوەدا (ئەسوەد، 2011، 262، 345-350)، کە کەمی ڕوونکردنەوە و ئاڵۆزکردنی چەمکی زاراوەکان کێشەی تێگەیشتنی زەقتر کردۆتەوە.

هەروەها لە نموونەی کێشەی مێژووی چەمکەکان، لە ئەنجامی کەمی قووڵی و نەبوونی وردی لە گوزارشتکردن لە چەمکەکان، وێڕای تێکەڵکاری لە بارەی چەمکی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی، دوو مێژووی جیاواز بۆ سەرەتای ئەم جۆرە ڕەخنەییە دیاری دەکات و دەبێژێت: "ئەم زانستە یەکەمجار لە ئەوروپا سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە، ڕەنگە بتوانین سەردەمی مارکس و بیروباوەڕی مارکسیزم لەبارەی ئەدەب، بە سەرەتای ئەم تێڕوانینە بۆ ئەدەب، لە چەرخی نوێدا دابنێین..." (ئەسوەد، 2011: 127)، بەڵام دواتر دەنووسێت:"ئەم تێزەی مەدام ستایل سەرەتایەك بوو بۆ کۆمەڵناسی ئەدەب"(ئەسوەد، 2011:

132). هەمان کێشە لە باسکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان لە کۆنتێکستی جیاواز پاتبۆتەوە، کە لەبارەی سەرەتا و دەسپێکی ڕۆمان وەك ژانرێکی ئەدەبی، جارێکیان سەدەی شازدەهەم، هەوروەها سەدەی هەژدەهەم، جارێکی دیکە شەدەی حەڤدەهەمی نووسیوە(ئەسوەد، 2011: 226). هەرچەندە، ئەمە پەیوەندی بە بۆچوونی جیاواز لەبارەی مێژووی ئەم چەمك و زاراوانەوە هەیە، بەڵام دروستترە، کە بە وردی و ڕوونی ئاماژە بە مێژووی چەمکەکان بکات و بەرچاوڕوونی بە خوێنەر بدات یان یەکلاییان بکاتەوە.

کێشەیەکی دیکەی لەم زاراوەنمایە، پەیوەندی بە تێکەڵکاری چەمکەکانەوە هەیە، بۆ نموونە وێڕای ئەوەی لە بەرامبەر بەکوردیکردنی زاراوەی ئەفسانەناسی (Mythology) و ئەفسانە(Myth)، تەنیا زاراوەی ئەفسانەی نووسیوە (ئەسوەد، 2011: 177)، کەچی لەوەی لە شرۆڤەکردنی چەمکی زاروەکەش ئەم دوو زاراوەی لەیەکتر جیا نەکردۆتەوە. لە کاتێکدا ئەفسانە جۆرێکە لەدەق، کەچی ئەفسانەناسی زانست و بواری لێکۆڵینەوەیە لەئەفسانە. هەروەها جۆرێك لە تێکەڵکاری لە نێوان چەمکی زاراوەکانی ڕەخنەی دەروونی(Psychological Criticism)، میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاری (Psychoanalytic Criticism)، سایکلۆژیای ئەدەب(Psychology of Literature) کردووە، هەرچەندە ئەم زاراوانە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام نەبوونی وردەکاری و جیاکاری، کیشەی فرەزاراوەیی زەق کردۆتەوە و زاراوەی باو و بەربڵاوی ڕەتکردۆتەوە و بەکارهێنانی ناباوی زیاتر پەسند کردووە. ئەم فەرهەنگە دەستەواژەی ڕەخنەی سایکۆلۆژی لە بری ڕەخنەی دەروونی بە پەسندتر زانیوە (ئەسوەد، 2011: 112)، لە کاتێکدا ئەوەی دووەمیان کوردیترو بەبڵاوترە، ئەمە جگە لەوەی لە میانەی شیکردنەوەی زاراوەکە، دەستەواژەی میتۆدی سایکۆلۆژی بەکارهێناوە، ئەمەش جۆرێك لە لێڵی و تێکەڵکاری بۆ خوێنەر دروست دەکات. ئەمە لە کاتێکدا، چەمکی ڕەخنەی دەروونی زاراوەیەکی گشتگیرە، بۆ هەر جۆرە کارێکی ڕەخنەیی بەکاردێت، کە لێکدانەوە و شیکردنەوە و بۆ ڕەهەندی دەروونی دەقی ئەدەبی بکات، جا ئەگەر ئەم کارە لەسەر بنەمای میتۆدبەندی بێت یاخود بەبێ میتۆد بێت، بەڵام میتۆدی رەخنەی دەروونشیکاری میتۆدێکی دەروونییە، کە بە پشتبەستن بە زاراوە و ئامرازە تایبەتییەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاری فرۆید و ڕەخنەگرانی دیکەی قوتابخانەکە، شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی و پرۆسەی داهێنان دەکەن (أمين، 2009: 34). هەرچی سایکۆلۆژیای ئەدەبە، ئەمە چەمکێکی گشتگیرە، کە پەیوەندی بە کۆی پەیوەندییەکانی دەروونناسی لەگەڵ ئەدەب و ئەدەبناسی هەیە، کە کار لەسەر دەقێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو لە پرۆسە دەروونییەکانی چۆنیەتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە (Santos, Santos, Silva: .781-784)، زیاتر کار لەسەر کاریگەرییە مەعریف و دەروونییەکانی خوێندنەوەی دەق و ڕۆڵی ئەدەب بە گشتی لە داڕشتنی ناسنامەی کەسیی خوێنەر دەکۆڵێتەوە.

هەر لە دوو توێی نموونەکانی کێشەی تێکەڵکاری لە نێوان چەمکەکاندا، لە بارەی ژیاننامەی خودییەوە نووسیویەتی:"لێرەدا چەشنێکی تر لە بیۆگرافیا هەیە کە پێی دەوترێت (ئۆتۆبیۆگرافیا) Autobiography لە کوردیدا پێی دەوترێت (یاداشت) و لە عەرەبیدا (مذكرات)..."(ئەسوەد، 2011: 269). ئەمە لە کاتێکدا، ژیاننامەی خودی لەبەرامبەر Autobiography دا زیاتر بەکاردێت. هەروەها یاداشت جۆر و فۆرمێکی دیکەی ژیاننامەیە کە لە بەرامبەر زاراوەی (Diary) بەکاردێت، کە ئەمیش یاداشتکردن و تۆمارکردنی ڕاگوزەریی ڕۆژانەی ڕووداو و ئەزموونە کەسییەکانە بە شێوەیەکی زنجیرەیی، بەبێ گوێدانە ڕەوتی هزری گێڕانەوە و پاشخانی ڕووداوەکان(Abrams and Harpham, 2013: P.30). هەرچی بیرەوەری (مذكرات- Memoir)یە,ئەوە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهات و ئەزموونە تایبەتییەکانە، کە نووسەر ئاشنایەتی لەگەڵیان هەبووە و تێیدا ژیاوە، ئەمەش لە چوارچێوەی قۆناغێک یان ڕووداوێکی دیاریکراو لە ژیانی نووسەردا، زۆرجار بابەتێکی ناوەندی یان پەیامێکی هەیە، کە دەیەوێت ڕۆشنایی بخەنە سەر زەمینەیەکی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی تایبەت(Couser, 2012, P.15-21)، نەك جەختکردنەوە لەسەر گێڕانەوەی تەواوی ژیانی تایبەتی خودی نووسەر خۆی، کە ئەمە پێی دەوترێت ژیاننامەی خودی.

هەمان ئەو کێشانە، تەنانەت لە هەمان چەمك و زاراوە،لە تێکەڵکردنی چەمکی یاداشت و ژیاننامەی خودی و بیرەوەری لە زاراوەنمای " فەرهەنگی ئەدەبی" دا دووبارەبۆتەوە (عومەر، 2012: 20، 72، 146، 307)، ئەمە وێڕای ئەوەی لەم زاراوەنمایەشدا، کێشەی ئاڵۆزی و لێڵی و گوزراشتکردن لە چەمکەکان هەیە، هەروەکو لە چەمکاندنی زاراوەی چیرۆکی ئەفسانەیی دا درکی

پێدەکرێت، کە هێندە چەمك و زاراوەی لابەلای خزاندۆتە ناویەوە، چەمکاندنی خودی زاراوەکە ون بووە، یاخود بە نارِوونی ماوەتەوە (عومەر، 2012: 104 – 105). ئەمە جگە لەوەی لە هەندێك جوغزی زاراوەنماکاندا، بە چەمککردنی زۆر لێڵ نادروست دەبینرێت، هەرچەند زاراوەسازکار جۆرێك قووڵی لە تێگەیشتنی بۆ زاراوەکان پێوە دیارە، بەڵام بۆ نموونە لە باسکردنی ئەدەب و هونەری شێوەکاریدا، نووسویەتی:"لە سەدەی نۆزدەمی بۆدلێر لە قەسیدەی (فەنەر- Phares) پەسنی شاعیران دەکا کە لەهۆنینەوەی قەسیدەکانیان تێکست بەرهەم دەهێنن" (عومەر، 2012: 28). قەسیدە خودی خۆی، جۆرێکە یان فۆرمێکی دەقی ئەدەبییە، کە لەهەموو قەسیدەیەکدا، تێکست بەرهەم دێت، لێرەدا، جۆرێك لە لێڵی هەیە، کە مەبەستی زاراوەسازکار لەم گوزارشتکردنانە دەرناکەوێت.

لە " کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و رەخنە"شدا، کێشەی چەمك هەموو لایەکی زاراوەنماکەی تەنیوە، بە تایبەتی دیاردەی دووبارە چەمکاندن و ناساندنی زاراوەکان. بۆ نموونە دوو جار لە دوو شوێنی جیاواز چەمکی رەوتی جوانیناسی شیکراوەتەوە. لە یەکەمیاندا دەڵێت:"رەوتێکی رەخنەییە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا لە لایەنێکی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و بایەخی پی دەدات، وەك: وێنە، ریتم، کێش، میتافۆر، لێکچوون"(بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 143). لە هی دووەمیاندا دەنووسێت:" ئاراستەیەکی رەخنەییە، توێژینەوە لە لایەنی هونەریی بەرهەمە ئەدەبییەکانی وەك وێنە، ریتمی مۆسیقی، خواستن ولێکچووەکان لە هەموو دەقێکی ئەدەبیدا دەکات" (بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 2017). هەروەها لە پۆلینکردنی دەقی هاوتادا دوو جۆر دەق دیاری دەکات، کە هەردووکیان ناولێناوە هاودەقی ناوەکی (بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 177)، ئەمەش کێشەی تێگەیشتن بۆ خوێنەر دروست دەکات. لە رووێکی دیکەوە، ئەم زاروەنمایە، لە گوزارشتکردن لە چەمکاندنیشدا، کێشەی بەرچاوی هەیە، بۆ نموونە لە بارەی چەمکی خوێندنەوەوە دەنووسێت:" خوێندنەوە کاری گەیاندنە یا رووداوێکی سەر بە گەیاندنە، رەخنە بایەخی بە چۆنیەتی ئەنجامدانی، وەك کردارێك کە لە زەمەنێکدا روودەدات، داوە. بەو شێوەیە بایەخی پی دەدات کە هەر تەنها وەرگرتنی نەبێت لە لایەن خوێنەرەوە، بەڵکو دەبێت بە هەوڵیش بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی مانا و راڤە و تەئویلکردنی دەقدا..."( بەرزنحی، بەرزنجی، 2024: 160 -161). هەمان دیاردە لە چەمکی پەخشانیش پاتبۆتەوە (بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 89-90). ئەم جۆرە گوزارشتکردن و لێڵییە بۆ چەمکی زاراوەیەکی باوی لەم چەشنە، زیاتر لە وەرگێرانێکی راستەوخۆ و وشەیی دەچێت. رۆڵی زاروەنماکە لە ئاراستەکردنی دروستی خوێنەر بەلارێدا دەبات.

### 3-کێشەی ناساندن (پێناسەکردن)

هەرچەندە کێشەی ناساندن، راستەوخۆ پەیوەندی بە هەردوو کێشەکەی پێشووەوە هەیە، بە تایبەتی کێشەی چەمك، بەڵام پێناسەکردن و ناساندنی زاراوەکانیش هەم لە بواری زاراوەناسیدا جەمسەرێکی سەرەکین، هەم کێشەکانیان لەناو زاراوەنماکانی سنووری ئەم توێژینەوە زۆر پاتدەبنەوە.

ناساندن پرد و پرۆسەیەکی بەستنەوەی چەمك (بیرۆکە)یە بەو زاراوە (ناولێنان)ەی کە بۆ چەمکەکە بەکاردێت. ئەم پردە، هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی چەمکێك لە ئەوانی دیکە، هەر بۆیە ناساندنێکی روون و ورد، پێویستیەکی هەمیشەیی کارکردن و ئاڵوگۆری پەیوەندییە لە هەر بوارێکدا، هەر لەبەر ئەمەشە، ناسـاندن نەك هەر زاراوەکان بە چەمکەکانەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو پەیوەندی نێوان چەمکەکانیش لە ناو بـــوارێکی مەعریفیدا رێکدەخات و دەردەخات: (Suonuuti, 1997: 19, Baker, & Saldanha, 2020: 579.)

لە ناو زاراوەنماکاندا، کێشەی ناساندن، کێشەیەکی تەواوکەری کێشەکانی دیکەیە، ئەمیش کۆمەڵێك دەرکەوتەی هەیە، کە بەهۆی سنووربەندی و مەودای توێژینەوەکە، ناتوانرێت، بۆ هەموو دەرکەوتەکان، نموونەی جیاواز لە هەموو زاراوەنماکاندا بهێنرێتەوە، دەرکەوتەکانیش لەوانە کیشەی هەڵە ناساندن، کێشەی ناساندنی لێکدژ، ناساندنی رووکەش. کێشەی نەناساندن. ناساندنی درێژدادڕ، ناساندنی ئاڵۆز.

لە "فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ڕەخنەیی"دا، زاراوەی تیۆری ئەدەبی بەوە ناساندووە، کە"یەکێکە لە هونەرە ئەدەبییە نوێیەکان کە لە بنەماکانی ئەدەب و لە هونەر و ڕێبازەکانی ئەدەب دەکۆڵێتەوە، هەروەها ڕێسایەکی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات دادەنێت و چەمکە ئیستاتیکییەکان شی دەکاتەوە"(ئەسوەد، 2011: 19). دواتر دەنووسێت" لە چەرخی یۆنانی کۆندا، کتێبی "هونەری شیعر" ی ئەرستۆ بە نۆبەرەی لێکۆڵینەوەی تیۆری لەبارەی ئەدەب دادەنرێت" (ئەسوەد، 2011: 19). ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەڵە لە ناساندنی تێۆری ئەدەب هەیە، کە هونەری ئەدەبی نییە، بەڵکو لقێکی ئەدەبیناسییە، لە هەمان کاتدا، لەلایەك تیۆری ئەدەبی بە هونەرێکی ئەدەبی نوێ، لەلایەکی دیکەوە، کۆنییەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کتێبەکەی ئەرستۆ، ئەمەش جۆرێك لە لێکدژی لە ناساندنی ئەم چەمك و زاراوەیە دروستکردووە.

لە پێناسەکردنی ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەڵێت:"لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە هونەری لێکۆڵینەوە و حوکمدان لەسەر تێکستی ئەدەبی" (ئەسوەد، 2011: 27). لەسەر هەمان ڕێتمر، لە ناساندنی زاراوەی مێژووی ئەدەبییدا، لەگەڵ ئەوەی مێژووی ئەدەبی وەك بەشێك لە ئەدەب دەناسێنێت(ئەسوەد، 2011: 33)، بە هەمان شێوە لە بارەی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریش هەمان دەربڕینی دووبارە کردۆتەوە(ئەسوەد، 2011: 46)، ئەمەش کەواهیدەری ئەوەیە، کە لەپرۆسەی ناساندندا، هەست بە جیاوازی دەستەواژە و سنوور و پێگە و ئەرك و چەمکی زاراوەکان نەکراوە. ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردکاری لق یاخود بەشی ئەدەبناسی یان توێژینەوەی ئەدەبین، کە هەر یەکێکیان لە ڕوویێك یان چەند ڕوویێکەوە، لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵنەوە، نەك جۆر و چەشن و هونەری ئەدەب بن، کە ئەمەی دووەمیان، ژانر و جۆرە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە، وەك: شیعر، چیرۆك، ڕۆمان.

بەکارهێنانی ئەم زمانە لە ناساندنی زاراوەکان، زۆر ڕووبەری زاراوەنماکەی گرتۆتەوە، بۆ نموونە لە ناساندنی زاراوەی فەنتازیادا، جارێکییان دەنووسێت"چەشنێکی ئەدەبی و هونەرییە"، لە دێرێکی دیکەدا دەڵێت:" ئەمە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕۆمانی نوێدا"(ئەسوەد، 2011، 262). ئەمەش پاتکردنەوەی هەمان کێشەیە، بەبێ بوونی ڕوونکردنەوەی پێویست لە بارەی ئەم جۆرە دەستەواژە تێکەڵکارییانە. . هەمان ئەم دەرکەوتەیە، لە "کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە" ش دەدۆزرێتەوە، بۆ نموونە لە ناساندنی زاراوەی یاداشت( کە ئەو  فۆرمی "ڕۆژانە"ی بە دروست زانیوە)، هەمان دیاردە پاتدەبێتەوە، کاتێك ڕۆژانە بە ڕەگەزێکی خۆنووسینەوە پێناسە دەکات( بەرزنجی، بەرزنجی: 2024: 238)، لە کاتێکدا، ڕەگەز بۆ پێکهاتەی دەقی ئەدەبی بەکاردێت، یاداشتی ڕۆژانە، قۆرم یاخود جۆرێکی ئەدەبییە.

هەر لەم زاراوەنمایانەدا، لە هەندێك باردا، لە بری بەخشینی ناساندنێکی ڕوون و ڕەوان بە خوێنەر، بەهیچ شێوەیەك خۆی لە قەرەی ناساندنی چەمکی زاراوەکان نەداوە، هەروەکو لە زاراوەی ژانرە ئەدەبییەکان، کە پێناسەکەی ونە (ئەسوەد، 2011: 39-44). ئەم دەرکەوتە و دیاردەیە لە زاراوەنمای"کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە"ش بە ڕوونی قوت دەبێتەوە. بۆ نموونە لە باسکردنی هەمان زاراوە، کە ژانرە ئەدەبییەکانە( بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 207)، هەروەها لە خستنەڕووی زاراوەی ئەنترۆپۆلۆجیدا، هیچ پێناسەیەکی ڕوون نییە(بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 42- 43). لە باسکردنی پاش بونیادگەریش، درێژدادڕی بەبێ بوونی پێناسە و ناساندنی ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە (بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 99_102).

لە زاراوەنمای " فەرهەنگی ئەدەبی" دا، ناساندنی ئالۆز بۆ هەندێك زاراوە تاقیکراوەتەوە، بۆ نموونە ئاماژە بە پەیوەندی ئەدەب و هونەری شێوەکاری دەکات، نموونە دەهێنێتەوە بە وەی کە" شیعری کۆنکرێت، یان شیعری پلاستیك، زمانێکی نوێی شیعری کە بە زمانی فەزا-Langage d' espace ناسراوە پەرەدەسێنێ. قەسیدە ناسراوەکەی ئەپۆلینێر کە بە خەت- Calligrammes ناسراوە نموونەیەکی زۆر بەناوبانگ و بەرایی ئەم جۆرە شیعرەیە... شاعیر لەم ڕووەوە، هەنگاوی زۆر گەورە دەهاوێژێ کە ڕەخنە هەندێ جار وەك نارەزاییەکبە (شیعری کوبیستی) لە قەڵەم دەدا"(عومەر، 2012: 29-30). هاوشێوەی ئەمە، لە زاراوەنمای "فەرهەنگی شیکارانەی زاروەی ئەدەبی" یشدا هەیە، لە ناساندنی بابەتی گروتێسك(بابەتی نائاسایی) دا، هەمان دیاردە یاتبۆتەوە( سەجادی، مەحموودی، 2004: 47). ئەم بەرباس خستنە،کە بە دەربڕین و زاراوە و چەمکی جۆراجۆر و لابەلا دەورە دراوە، لەمپەر دەخاتە

بەردەم ناساندن و تێگەیشتن لە چەمکەکان. بەمەش ئەو ئەرك و ڕۆڵەی زاراوەنما ون دەبێت، کە دەبێت خوێنەر لە ئاڵۆزی و لێڵی دەربازبکات، نەك کۆمەڵێك دەستەواژەی ئاڵۆز و تێکچڕژاو و دیالۆگی تێڕوانینی جیاواز بەرزەفت بکات.

لە جەمسەرێکی دیکەوە، کێشەی درێژدادڕی لە ناساندن دێتە پێشەوە، کە لەم زاراوەنمایەدا، لە ناساندنی کۆمەڵێك زاراوە بەدیدەکرێت، وەك لە ناساندنی داستاندا، کە بە سێ بەش باسکراوە (عومەر، 2012: 116- 124). لە ناساندنی ڕۆڵان بارتیش، زۆر درێژدادڕی کراوە (عومەر، 2012: 135-142). لە زاراوەنمای :کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە" دا، هەمان دەرکەوتە هەیە. بۆ نموونە لە ناساندنی زاراوەی پلۆت (گرێچن) دا، درێژدادڕی و بەفیرۆدانێکی زۆر هەیە (بەرزنجی، بەرزنجی، 2024: 91-98)، ئەمەش زیاتر خەسڵەتی توێژینەوەیە، نەك زاراوەنمای ڕەخنەی ئەدەبی.

وێڕای ئەمانەش، لە هەندێك نااساندندا، سادەیی و ڕووکەشی زۆر بەدیدەکرێت، هەروەکو لە "کلیلدان: فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە" دا، لەبارەی چەمکی ڕۆمانی کورت (نۆڤلێت) نووسراوە" لە رۆمان کورتترە و لەچیرۆکیش درێژترە. لە ئەمریکا بە چیرۆکی دریژ دەگوترێت کە دەکەوێتە نێوان چیرۆکی کورت و کورتە ڕۆمانەوە" (بەرزنجی، بەرزنجی" 2024: 212). ئەمە وێڕای کورتبڕی و ڕووکەشیەکەی، ئەم کورتییە جۆرێك لە لێڵی و ناڕوونی شیوەگیر کردووە.

هەموو ئەو کێشانە لە ناساندنی چەمك و زاراوەکان لە ناو زاراوەنماکاندا، ئەوە پاتدەکەنەوە، کە تەنیا شرۆڤە و شیکاریکردن و ڕوونکردنەوەی زاراوەکان گرنگ نییە، بەڵکو بایەخی باڵا لە هۆکار و چییەتی و چۆنیەتی داڕشتن و گوزراشتکردن و ناساندنی کورتمەودا و  بەرفروانی پێناسەکردنەکانیشە. کە ئەمەش لە ڕۆڵی ڕاستەقینە زاراوەنمانووسی نزیکترمان دەخاتەوە.

## ئەنجامەکان

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە لەم تویژینەوەیەدا بەدەستهاتوون، ئەمانەن:

1-لە ڕووی جۆرەوە، فەرهەنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دوو جۆری سەرەکین، فەرهەنگی  زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی (زاراوە بەرامبەر زاراوە)، لەگەڵ زاراوەنمای رەخنەی ئەدەبی، کە زاراوە و چەمك و ناساندنی زاراوەکان لە خۆدەگرێت. هەرچەندە ئەوەی دووەمیان، جۆرێکە لە فەرهەنگ، بەڵام ئەرك و ڕۆلی جیاوازی هەیە، هەر بۆیە وەك پێشنیازێك زاراوەی فەرهەنگ لە بەرامبەر هەر یەکە لە (قاموس- Dictionary) لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، هەروەها لە بەرامبەر زاراوەی (معجم- Glossary) دا، زاراوەی زاراوەنما لە کوردیدا بە پەسند دەزانرێت. هەروەها زاراوەی زاراوەناسی لەبری زارەوسازی، بە هاوتای (علم المصطلح- Terminology)دێت.

2-بە توێژینەوە لە بارەی فەرهەنگ و زاراوەنماکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە دەردەکەوێت، کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە بواری وەرگێڕانناسی و زاراوەناسیدا، کێشەی قووڵی هەیە. کەمتر میتۆد و ڕێباز و تیۆرەکانی وەرگێڕان و زاراوەناسی لە پرۆسەی نووسین و سازکردن فەرهەنگ و زاراوەناسیدا سوودیان لێوەرگیراوە.

3-هەرچەندە زاراوە لە خودی خۆیدا کێشەدارە، بەڵام زۆربەی کێشەکان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، پەیوەندیان بە وەرگێڕانەوە هەیە، چونکە زۆرینەی زاراوەکانی ناو فەرهەنگ و زاراوەنماکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی زیاتر زاراوەی وەرگێڕدراون، زۆر بەدەگمەن کاریان لەسەر ئەو زاراوانە کردووە، کە بە تەواوی خۆماڵین، ئەمەش هەم بەڵگەی لاوازی بەرهەمهێنانی مەعریفە و زاراوەناسییە لە ناو ڕەخنەگر و زاراوەسازکارانی کورد، هەم فەرامۆشکردنی زاراوە خۆماڵییە بەردەستەکانە.

4-کێشەکانی زاراوە لە فەرهەنگ و زاراوەناکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بۆ سێ جەمسەری سەرەکی دابەش دەین، ئەم سێ جەمسەرەش پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەیەکداچوو لە نێوانیاندا هەیە و سێ تەوەرەی سەرەکی زاراوەناسیشن، سێ کێشەکانیش ئەمانەن: کێشەی سازکردن، کێشەی چەمك، کێشەی ناساندن. کۆی کێشەکانی دیکە لە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانەوە بەم سێ کێشەیەوە پەیوەستن.

5-کێشەکانی سازکردن لە کۆی فەرهەنگ و زاراوەنماکانی سنووری ئەم توێژینەوەیە هەن، کە خۆی لە کوردیکردندا دەبینێتەوە. بەکوردیکردنیش هاوتاکردنی فۆرم و  واتا دەگرێتەوە. لەم پرۆسەیەشدا، کۆمەڵێك کێشە هەن، لە ڕووی فۆرمەوە، کێشەکان وەك پیتوەرگێری، زرەڕێژی، فرە فۆرمی بۆ تاکە زاراوەیەك، کێشەی تاك-فۆرمی (تاکە فۆرمێك) بۆ زاراوەیەك زیاتر، کێشەی بە

ڕستەییکردنی زاراوە. لە بەکوردیکردنی مانای زاراوەکانیشدا، هەندێك کێشە هەن، وەکو کێشەی نەگونجاوی واتای زاراوەکە، کێشەی فرە هاوواتایی، کێشەی پشتبەستن تەنیا بە واتای بنەڕەتی وشەی هەڵبژێردراو بۆ بوون بە زاراوە و فراوانەکردنی واتا. کێشەی بەکارهێنانی وشە هاوواتاکان بۆ سازکردنی زاراوەی واتا و چەمك جیاواز.

6-کێشەی چەمك زیاتر لە زاراوەنماکاندا هەیە، کێشەکانیش دەنوانرێت بۆ چەند وردە کێشەیەك دلەبش بکرێن، لەوانە کێشەی تێگەیشتن لە چەمکەکان ،کێشەی مێژووی چەمکەکان، کێشەی تێکەڵکردنی چەمکەکان. کێشەی لێڵی، کێشەی گوزارشتکردن. کە هەر یەکێکیش لەم کێشانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەرگێڕانەوە هەیە.

7-کێشەی ناساندنیش، کێشەیەکی دیکە سەرەکی زاراوەنماکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە. کێشەیەکی گرێدراوی کێشەکانی دیکەیە، ئەمیش کۆمەڵێك دەرکەوتەی هەیە، دەرکەوتەکانیش ئەمانەن:هەڵە ناساندن، ناساندنی لێکدژ، ناساندنی ڕووکەش. کێشەی نەناساندن. ناساندنی درێژدادڕ، ناساندنی ئاڵۆز .

## سەرچاوەکان:

### أ- بە زمانی کوردی و عەرەبی


- أمین، کارزان کریم. (2009). ئاراستەکانی ڕەخنەی شیعری کوردی(بە نموونەی ماستەرنامەکانی ئەدەب 1988 -2000). نامەی ماستەر. هەولێر: زانکۆی سەڵاحەدین.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. (2011). فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.
- بەرزنجی، عەبدوڵلا تاهیر و بەرزنجی، عەلی تاهیر (د.). (2024). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- تاهیر، شەهاب شێخ تەیب (د.). (2012). بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، سلێمانی : چاپخانەی کەمال.
- خاڵ، شێخ محەمەد. (2017). فەرهەنگی خاڵ، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (پ. ی. د.). (2013). وشەسازی زمانی کوردی. هەولێر ـــــ.
- سەجادی، بەختیار (د.). (2022). فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی (ئینگلیزی- کوردی – فارسی). چاپی سێیەم. هەولێر: بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی.
- سەجادی، بەختیار و مەحموودی، محەمەد. (2002). فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- سەجادی، بەختیار و مەحموودی، محەمەد. (2004). فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- شریف، عبدالستار طاهر (د.). (1985). قامووسی دەروون ناسی. بغداد: مطبعة علاء.
- شوانی، ڕەفیق (پ. ی. د.). (2011). وشەسازی زمانی کوردی: لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکیە. هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- عبدالله، ڕۆژان نوری. (2007). فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
- عومەر، موحسین ئەحمەد (د.). (2005). فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- عومەر، موحسین ئەحمەد (د.).(2012). فەرهەنگی ئەدەبی. سلێمانی: چاپخانەی حەمدی.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف(د.). (2006). سایکۆلۆژیای گشتی. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان. (2006). زاراوەی ئەدەبی. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- محەمەد، مەسعوود. (1988). زاراوەسازیی پێوانە. بەغدا: کتێبخانەی میللی.
- مەردۆخی، شێخ موحەمەد. (1388). فەرهەنگی مەردۆخی. بەرگی دووەم. سنە: چاپخانەی پرتەویان
- هەژار. (1388). فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە. چاپی شەشەم. تهران. انتشارات سروش.
- وغليسي, یوسف. (2008). إشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، بيروت: منشورات الأختلاف.


### - بە زمانی ئینگلیزی


- Abrams, M. H., and Harpham. G. G. (2013) A Glossary of Literary Terms. 11th ed. Boston: Wadsworth, Cengage Learning.
- Apak, F. (2016). Thinking about a Prospective Method of Translation Criticism upon an Analysis of Berman's Toward A Translation Criticism: John Donne. *Humanitas-Uluslararası Sosyal Bilimler Dergisi*, *4*(07), 517-526.
- Arnold, M. (1861). 'On Translating Homer', in R.H. Super (ed.) On the Classical Tradition: The complete prose works of Matthew Arnold, Vol. 1, Ann Arbor: University of Michigan Press, 97–216.
- Baker, M., & Saldanha, G. (Eds.). (2020). Routledge Encyclopedia of Translation studies (3rd Ed.). Routledge.
- Berman, Antoine. (2009) "*Toward a Translation Criticism: John Donne*". Translated by Françoise Massardier-Kenney. Kent State University Press.
- Catford, J. C. (1965). A Linguistic Theory of Translation. London: Oxford University Press.
- Couser, G. T. (2012). *Memoir: An Introduction*. Oxford University Press, USA.
- Derrida, J., 1976, Of grammatology, transl. G.C. Spivak, John Hopkins University Press.

- ISO 12616. (2002).Translation-oriented Terminography. International Organization for Standardization : https://cdn.standards.iteh.ai/samples/35360/377d0d81433e45ca90b64d353e82927b/ISO-12616-2002.pdf
- ISO. (2004). 50 years ISO/TC 37 “Terminology and other language resources”: A history of 65 years of standardization of terminological principles and methods: http://www.infoterm.info/standardization/impact_on_and_from_ISOTC37.php
- Kraskowska, E. (2022). Comparison as a Method in Translation Criticism. Tekstualia, 1(8), pp.115-122.
- Lefevere, A. (1992). Translating Literature: Practice and Theory in a Comparative Literature Context. New York: Modern Language Association of America.
- Malmkjær, Kirsten, ' Meaning and Translation', in Kirsten Malmkjær, and Kevin Windle (eds), *The Oxford Handbook of Translation Studies* (2011; online edn,Oxford Academic, 18 Sept. 2012), https://doi.org/10.1093/oxfordhb/9780199239306.013.0009, accessed 2 Apr. 2024.
- Merriam-Webster. (n.d.). Glossary. In Merriam-Webster.com dictionary. Retrieved May 1, 2024, from https://www.merriam-webster.com/dictionary/glossary
- Nida, E. A, & Taber, C. R. (1969). The Theory and Practice of Translation. Chicago: Leiden: E.J. Brill.
- Pound, E. (1934). The ABC of Reading, New York. New Directions.
- Powell, J. (2007). Translation and Culture in Ancient Rome: Cicero’s theory and Practice of Translation (Übersetzungstheorie und Übersetzungspraxis bei Cicero). In H. Kittel, A. Frank, N. Greiner, T. Hermans, W. Koller, J. Lambert & F. Paul (Ed.), *2. Teilband: Ein Internationales Handbuch zur Übersetzungsforschung* (pp. 1132-1137). Berlin, New York: De Gruyter Mouton. https://doi.org/10.1515/9783110171457.1132
- Reiss, K. (2000). Translation Criticism: Potentials and limitations: Categories and Criteria for Translation Quality Assessment (E. F. Rhodes, Trans.). New York: St. Jerome Publishing.
- Reynolds, Matthew, '8 Are Translations Interpretations? Gadamer, Lowell, and Some Contemporary Poem-Translations', *The Poetry of Translation: From Chaucer & Petrarch to Homer & Logue* (Oxford, 2011; online edn, Oxford Academic, 19 Jan. 2012), https://doi.org/10.1093/acprof:oso/9780199605712.003.0008, accessed 2 Apr. 2024.
- Sager, J.C. (1991). 'A practical course in terminology processing'. Amsterdam / Philadelphia: John Benjamins Publishing Company.
- Santos, R. C., Santos, J. C., & Silva, J. A. (2018). Psychology of Literature and Literature in Psychology. Trends in Psychology, 26(2), 781-794.
- Suonuuti, H. (1997). Guide to Tterminology. Helsinki: Technician Sanastokeskus.
- Thelen, M. (2002). “Relations between Terms: a Cognitive Approach. The Interaction between Terminology, Lexicology, Translation Studies and Translation Practice.” Linguistica Antverpiensia, New Series - Themes in Translation Studies: 2002 (1): Antwerp: HIVT, 193-209.
- Thelen, M. (2012).The Structure of the Lexicon. Incorporating a Cognitive Approach in the TCM Lexicon, with Applications to Lexicography, Terminology and Translation. Ghent: Academia Press.
- Vakulenko, M. O. (2014). Term and Terminology: Basic Approaches, Definitions, and Investigation Methods (Eastern-European perspective). IITF Journal Vol. 24, 13-28.
- Venuti, L. (ed.) (2000). The Translation Studies Reader. London and New York: Routledge.

**نقد الترجمة و إشكالية المصطلح:**

**قواميس النقد الأدبي الكردي نموذجا**

**كارزان كريم أمين**

قسم اللغة الكورديه،كلية اللغات،جامعة صلاح الدين-أربيل

أقليم كوردستان ،العراق

karzan.ameen@su.edu.krd

**ملخص**

تعتبر هذه الدراسة, دراسة نوعية، من خلال التحليل النقدي، ومقارنة المفاهيم والأشكال و تعريفات المصطلحات من مصادرها الأصلية مع كيفية بنائها وترجمتها وإدخالها في قواميس النقد الأدبي الكردي، بهدف معرفة أنواع و مصادر مشكلات. القواميس و والمعاجم هي: "قاموس المصطلحات الأدبية" و "المعجم التحليلي للمصطلحات الأدبية" من إعداد بختيار سجادي ومحمد محمودي؛ "المصطلحات الآدبية" من أعداد لجنة الأدب في المجمع العلمي الكردستاني, "معجم المصطلحات الأدبية والنقدية" لنوزاد أحمد أسود، "قاموس الآدبی" لمحسن أحمد عمر قاموس، "قاموس المصطلحات النقدية" لبختيار سجادي،"كلمات المفاتيح: قاموس الآدب و النقد" لعبدالله طاهر برزنجي وعلي طاهر برزنجي. هي محاولة حفرية المعرفية لتوضيح وتحديد نوع المشاكل و أسبابها و كيفية حل التناقضات والغموض في عملية كيفية الترجمة والصياغة و مسألة الموضوعية في صياغة معنى و مفهوم بعض هذه المصطلحات الموجودة في القواميس و المعاجم. .تصنف أهم المشكلات المتعلقة بشكل المصطلحات ومعناها إلى ثلاث مشكلات رئيسية: التشكيل والمفهوم و التعريف.

**الكلمات المفتاحية:** القاموس الأدبي، المصطلحات، الترجمة، المعجم ، التشكيل.

**Translation Criticism and the Problem of the Term:**
**Dictionaries of Kurdish Literary Criticism as Examples**

**Karzan Kareem Ameen**

Department of Kurdish Language, College of Languages, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region,Iraq

karzan.ameen@su.edu.krd

**Abstract**

This is a qualitative study, conducted through critical analysis and comparison of concepts, forms, and definitions of terms from their original sources to how they were constructed, translated, and entered into Kurdish literary criticism dictionaries, with the goal of determining the types and sources of problems. The dictionaries and glossaries are: "Dictionary of Literary Terms" and "Analytical Dictionary of Literary Terms" prepared by Bakhtiar Sajjadi and Muhammad Mahmoudi; "Literary Terms" prepared by the Literature Committee of the Kurdistan Scientific Academy; "Dictionary of Literary and Critical Terms" by Nawzad Ahmad Aswad; "Literary Dictionary" by Mohsen Ahmad Omar; "A Dictionary of Critical Terms" by Bakhtiar Sajjadi; "Keywords: Dictionary of Literature and Criticism ” by Abdullah Taher Barzanji and Ali Taher Barzanji.It is a cognitive attempt to clarify and determine the types of problems, their causes, how to resolve contradictions and ambiguities in the translation and formulation process, and the issue of objectivity in formulating the meaning and concept of some of the terms found in dictionaries. The most essential issues regarding the form and meaning of terms are divided into three categories: formation, concept, and definition.

**Keywords**: Literary Dictionary, Terminology, Translation, Glossary, Formation.